# بەرەو «خەباتی ئاسۆیی»
# مانیفێستی حیزبی هاوئاهەنگ

کاروان بەهرەمەند

”
سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ. ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.
“

*«تیۆریی عیلمی هەرگیز لە یەک جێگا ڕاناوەستێ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ»*

*د. قاسملو*

## پێشەکی

هەر وەک ئاگادارین یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران لەم دوو ساڵەی دواییدا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا بوو. تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەکانی پێش خۆی، پێویستیی خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ حیزبێکی سیاسیی خاوەن پێگە و پێشکەوتووی وەک حیزبی دێموکرات لە مێتۆد و شێوازی بەرەو پێشبردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وروژاندووە. ئەگەر ئاوڕێک لە حیزبە پێشکەوتووەکانی ئورووپا بە تایبەت سۆسیالدێموکراتەکانی سکاندیناوی یان حیزبی کرێکاری بریتانیا بدەینەوە، دەبینین ئەوان لە ڕەوتی خەباتی خۆیاندا بۆ هەر سەردەمێک و بۆ هەر گۆڕانکارییەک، بەردەوام گۆڕانکاری لە پێڕەو و بەرنامەی خۆیاندا پێک دێنن؛ کەوابوو حیزبێکی گەورە، چالاک و بەتەمەنی وەک حیزبی دێموکراتیش نابێ چاوپۆشی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکات و پێویستە بۆ هەر گۆڕانکارییەک خوێندنەوە و بەرنامەی خۆی هەبێت.

لەم ڕاستایەدا، لەم وتارەدا باسی ئەم گۆڕانکارییانە دەکەین کە حیزبی دێموکرات پێویستە لە پێکهاتە و بەرنامەی خۆیدا بیانکات. ئەم بابەتە لە چەند بەشدا شی دەکرێتەوە کە بریتین لە: ١ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا ٢ بەربەستەکانی بزووتنەوەی ژینا ٣ کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا لەسەر خەباتی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ٤ ئەم گۆڕانکارییانەی پێویستە لە سیاسەت و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا لە هەلومەرجی ئێستادا بکرێن بۆ ئەوەی حیزب خۆی لەگەڵ سەردەم بگونجێنێ.

## ١ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بزووتنەوەی ژینا

هەر وەک دەزانین یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بزووتنەوەی ژینا بوو کە وەکوو کردارێکی بە کۆمەڵی گۆڕانخواز لە پاش کوژرانی ژینا سەری هەڵدا. بزووتنەوەی ژینا «بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاسۆیی[1]» بوو کە لە بەستێنی گرفتە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا، دنیای مەجازی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و دنیای واقیع لە شەقام یەکیان گرت و بزاڤێکی بەرین و ڕادیکاڵیان بە دژی چەوسانەوە و نابەرابەری، لە پەراوێز خستن و هەڵاواردن وەگەڕ خست. بۆیە دەڵێین ئاسۆیی، چونکە بە پێچەوانەی بزووتنەوە کۆنەکان، ئەستوونی نەبوو بە چەشنێک کە کۆمەڵانی خەڵک لە کەسێکی سەرووی خۆیانەوە وەک ڕێبەر یان سەرۆک فەرمان وەرگرن؛ بەڵکوو لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی هێزە سیاسییەکان بە تایبەت حدکا لە ساز بوونی ئەم بزووتنەوەیەدا زۆر بەرچاو بوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک لە بەستێنی فەزای مەجازیدا خۆیان ڕێک خست، لە شەقامەکان یەکیان گرت و دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ ڕاپەڕین. بەرجەستەترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژینا ئەم ناڕیزبەندی و هاوتەرازییە بوو کە خەسڵەتی ئاسۆیی بوونی پێ دا. لەگەڵ ئەوەی بەرجەستەترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆیی بوون بوو، ئەشێ بێژین کە هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا دژایەتی لە هەمبەر زاڵێتی (سوڵتە) بوو؛ دژایەتی لەگەڵ زاڵبوونی نەتەوەی فارس بەسەر نافارسەکاندا، دژایەتی لەگەڵ زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا، دژایەتی لەگەڵ زاڵبوونی

سەرمایەداران بەسەر نەداران و دژایەتیکردنی سوڵتەی دەسەڵاتداران بەسەر بێدەسەڵاتاندا. کەوابوو خەبات دژی زاڵێتی و باڵادەستی، بنەمای سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا بوو. لە روویەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ژینا «بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ[۲]» بوو کە تا رادەیەکی زۆر لە بزووتنەوەکانی پێشووی کورد جیاواز بوو. مانوئێل کەستێڵز[۳] لە کتێبی «تۆڕەکانی توورەیی و هیوا: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا[۴]»، ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دادەنێ:

۱ رایەڵەیین، واتا ئامرازی ئەسڵییان مۆبایل و ئینتێرنێتە.

۲ هەم ناوچەیی و هەم جیهانین، واتا جگە لە شوێنی ئەسڵیی بزووتنەوەکە لە سەرانسەری جیهان بەڕێوە دەچن.

۳ خۆرسکن.

۴ پێویستییەکی ئەوتۆیان بە رێبەریی رەسمی نییە.

۵ بەردەوام بە خۆیاندا دەچنەوە.

۶ دێموکراتیک و سیاسین.

ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە لە بزووتنەوەی ژینادا هەبوون. ئەم بزووتنەوەیە فەرماندەرانە و ئەستوونی نەبوو؛ بەڵکوو خۆرسک بوو؛ رێبەریی رەسمیی نەبوو؛ سەرۆکسالار، پیاوسالار و پیرسالار نەبوو؛ بەڵکوو ژنان، تازەلاوان و لاوان بەشداریی پڕڕەنگیان تێیدا هەبوو؛ زۆر مەدەنییانە و هێمن بوو؛ ناوەندگەرا نەبوو، فرەچەشن و چەندلایەنە بوو و نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەکوو کورد، تورک، عەرەب و بەلووچ تێیدا بەشدار بوون. کەوابوو لەوانەیە باشترین ناو بۆ ئەم چالاکییە بەکۆمەڵە پێکهاتەشکێنە، ناوی «بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئاسۆیی» بێ. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە نوێیە کە لە کوردستان سەری هەڵدا، پێویستیی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە حەدکادا وەکوو بەئەزموونترین و خاوەن جەماوەرترین حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان دێنێتە گۆڕێ. بە گشتی، وێدەچێ بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش بزووتنەوەی ژینا کەوتبێتە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغێک کە دەکرێ پێی بڵێین سەردەمی «ئاسۆیی بوون» کە لە بەستێنی دنیای «پاشگەشە و پۆست مۆدێرن[۵]» سەری هەڵداوە. کەوایە پێویستە حیزبێکی سیاسی بە وریایی و بوێرییەوە خۆی لەگەڵی بگونجێنێ، بۆ ئەوەی وەدوا نەکەوێ و وەڵامدەری خەڵکی کورد بێت.

## ۲ بەربەستەکانی بزووتنەوەی ژینا

دوو هۆکاری سەرەکی کە نەیانهێشت بزووتنەوەی ژینا ئامانجی خۆی کە رووخاندنی کۆماری ئیسلامی بوو، بپێکێ؛ یەکیان نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و ئەوەی دیکەشیان سەرکووتکردنی بێبەزەییانەی بزووتنەوەکە لە لایەن دەزگای سەرکوتی رێژیمەوە بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ دژبەراندا، هۆکاری سەرەکیی یەک نەگرتنی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ململانێ لە نێوان دوو گوتار و دوو کەلتووری سیاسیی جیاواز لە ئێران. بە وتەیەکیتر، هیچ شتێک بە ئەندازەی بزووتنەوەی ژینا، ئەنتاگۆنیزم یان دوژمنایەتیی نێوان دوو کەلتووری سیاسی لە ئێرانی زەق نەکردەوە، ئەویش ناکۆکی و ململانێی نێوان دوو کەلتووری سیاسیی ئەستوونی[۶] (فرهنگ سیاسی عمودی) و کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی[۷] (فرهنگ سیاسی افقی) بوو کە لە درێژەی وتارەکەدا دەپەرژێینە سەری.

کەلتووری سیاسیی ئەستوونی کە کەلتووری سیاسیی زۆرینەی فارسەکان لە خۆ دەگرێ، لە سەر دوو توخمی شیعە و ناسیۆنالیسمی پارس تەوەر یان باستانگەرا دامەزراوە و یەکجار ناوەندگەرا و داخراوە. لەم کەلتوورەدا، بەرابەریی نێوان نەتەوەکان،

بەرابەریی نێوان ژن و پیاو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، تۆڵێرانس و وشیاریی سیاسی، جێگەیەکی ئەوتۆیان نییە. ئەم کەلتوورە کە بەجێماوە و درێژەی پێکهاتەی خێڵەکی و عەشیرەییی فارسەکانە، هیرارشیک، سەرۆکسالار، پیاوانە، نەژادپەرستانە و فەرماندەرانەیە کە دەتوانین بە کەلتووری سیاسیی ئەستوونی پێناسەی کەین. حەشیمەتی خاوەن ئەم کەلتوورە، ئەگەریش خوازیاری گۆڕینی دەسەڵاتداران بن، هیچ کات ڕازی بە گۆڕانێکی ڕیشەیی و بنەڕەتی لە ئێران (بە چەشنێک کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە شێوازێکی بەرابەرانە و دادپەروەرانە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە) نین. هەر وەک دیتمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، جەماوەری سەر بەم کەلتوورە، بە تایبەت سەڵتەنەتخوازەکان، وێڕای کۆماری ئیسلامی لە ژێر چەتری فەزایەکی گوتاریی هاوبەش، بە توندی لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا دژایەتییان کرد و بوونە لەمپەرێکی گەورە و نەیانهێشت بزووتنەوەی ژینا بگاتە ئاستی شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران.

سەبارەت بە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک سیستان و بەلووچستان، کوردستان، عەرەبستان و ناوچە تورک نشینەکان، ئەگەرچی هەموویان لە پەراێزخراویدا هاوبەشن، بەڵام لەم ناوچانەش بە پێی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەر ناوچەیەک، کەلتوورێکی سیاسیی جیاواز بیچمی گرتووە. لە پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان دەتوانین بڵێین سێ توخمی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایینزای شیعە نیشانە سەرەکییەکانی کەلتووری سیاسیی ئەوان پێک دێنن. ئایینزای شیعە کە بەشێکی سەرەکی و بەهێزی کەلتووری سیاسیی تورکەکان پێک دێنێ، بووەتە هۆی ئەوەی ئەوان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە ناوەندی‌دا بتوێنەوە. دەتوانین کەلتووری سیاسیی ئەوان بە ئەستوونیی نیمچەپەراوێز (فرهنگ سیاسی عمودیِ نیمه‌پیرامونی) پێناسە کەین. هەر بۆیە زۆربەی تورکەکان وەک فارسەکان، بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران ڕازی نین و تەنانەت خۆیان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندگەرا لە ئێران بوون و هەر بۆیەش جارێ وێناچێ لە شۆڕشێکدا بەشداری بکەن کە بیهەوێ ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئایینزای شیعە لە پێکهاتەی دەسەڵات داماڵێ.

سەبارەت بە دوو نەتەوەی عەرەب و بەلووچ، کەلتووری سیاسییان تا ڕادەیەکی زۆر بە داخراوی ماوەتەوە. ڕاستە دوو نەتەوەی عەرەب و بەلووچ لەگەڵ ناوەند ناتەبان، بەڵام هیچیان خاوەنی تایبەتمەندیگەلێک نین کە هەوێنی بزووتنەوەی ژینایان پێک هێنا. هەر وەک باسمان کرد ئاسۆیی بوون، تایبەتمەندیی سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا بوو؛ وێناچێ کەلتووری سیاسیی ئەم نەتەوانە لەگەڵ تایبەتمەندیگەلێکی وەک بەرابەریی ژن و پیاو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پلۆراڵیزم، تۆڵێرانس و سێکۆلاریسم کە هەوێنی بزووتنەوەی ژینایان پێک دەهێنا، تەباییی هەبێت. بۆ نموونە، هاتنە سەر شەقامی خەڵکی سیستان و بەلووچستان بە فەرمانی مەولەوی عەبدولحەمید زیاتر فەرماندەرانە، گوێڕایەڵانە و پیاوانە بوو و کەمتر لەگەڵ بنەماکانی بزووتنەوەی ژینا کە گەنجانە، سەرکەشانە، وشیارانە و ژنانە بوو، تەباییی هەبوو. هەر بۆیە ویناچێ لە درێژخایەندا لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ژینادا بمێنێتەوە و سەیر نییە دژیش بوەستێتەوە. بە گشتی دەتوانین کەلتووری سیاسیی ئەم دوو نەتەوەیە بە کەلتووری سیاسیی داخراوی پەراوێز (فرهنگ سیاسی محدودِ پیرامونی) پێناسە کەین.

دەمێنێتەوە سەر نەتەوەی کورد؛ ئەوەی لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان، کەلتوورێکی سیاسیی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە بوو. ئاخێزگەی بیچمگرتنی ئەم کەلتوورە سیاسییە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧. بنەمای ئەم کەلتوورە لە سەر بیری کوردایەتی و ئەندێشەی مۆدێرن ڕۆنراوە. کەلتووری سیاسیی پەراوێز لە نێو نەتەوەی کورددا، تایبەتمەندیی نیمچەکراوە و دێموکراتیکی بە خۆیەوە گرتووە و بووەتە هۆی ئەوەی هێندێک لە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی وەک پلۆڕالیزمی سیاسی، ڕەواییی دێموکراتیک و بەرابەریی نێوان ژن و پیاو تا ڕادەیەک لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری بورووژێ و وەکوو بەهایەک سەیری بکرێ. جگە لەوە، لەم کەلتوورەدا ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵک بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی زۆر لاوازە و بەرخۆدان و خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی ڕەوا وەکوو بەهایەکی پیرۆز دەخەملێنرێت. ڕاستە ئەم کەلتوورە بە تەوای کراوە نییە، بەڵام زۆر لە کەلتوورەکانی دیکەی ئێران کراوەترە. هەروەها ڕادیکاڵە؛ لە لایەک دەیهەوێ گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا پێک بێنێت و لە لایەکی دیکەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە باوەڕی بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە. هەر بۆیە دەتوانین ئەم کەلتوورە بە «کەلتووری سیاسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ[٨]» (فرهنگ سیاسی افقیِ رادیکال) پێناسە بکەین.

بەم شەرحە، بزووتنەوەی ژینا پێشاندەری ململانێی نێوان دوو کەلتووری سیاسیی سەرەکی بوو: کەلتووری سیاسیی ئەستوونی و ئاسۆیی. لە لایەک کەلتوورێکی سیاسیی فەرماندەرانە، پیاوانە، پیرانە، کۆنەپەرەستانە و ملکەچانە هەبوو، لە لایەکی دیکەوە، کەلتوورێکی سیاسیی ئاسۆییی خەڵکییانە، مرۆڤتەوەرانە، گەنجانە، بەرابەریخوازانە و سەرکەشانە هەبوو کە پتر لە نێو نەتەوەی کورددا دەبینرا. ئەگەرچی لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵێک هۆکاری جنسییەتی، نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینی، خەریک بوو لە ژێر چەتری کۆمەڵێک چەمکی هاوبەش کە گرینگترینیان «ژن، ژیان، ئازادی» بوو، زۆرینەی خەڵکی ئێران پێکەوە بەستێتەوە و هاوپەیوەندییەکی بێوینە ساز بکات، بەڵام کەلتووری سیاسیی ئەستوونی کە زۆر بەرتەسک، گوێڕایەڵ و کۆنەپەرەستانەیە، نەیهێشت ئەم هاوپەیوەندییە بیچم بگرێ و ناسنامەیەکی هاوبەش ساز بێ. لە بەستێنی ئەم کەلتوورەدا، پێکهاتەی بزووتنەوەی ژینا لە لایەن ناوەندگەراکانەوە تێک شکێنرا و کرا بە «جنبش مهسا»؛ بەم چەشنە «ئەویتری» بزووتنەوەی ژینا ساز بوو. بزووتنەوەی ژینا، بە گۆڕانی سیستەمی سیاسی ڕازی نەبوو، بەڵکوو خوازیاری پێداچوونەوە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کۆجێ، لە سەر بنەمای پێکهاتەی فرەنەتەوەییی ئێران بوو؛ ویستێک کە بە هیچ شێوەیەک بۆ جەماوەری خاوەن کەلتووری سیاسیی ئەستوونی جێگەی ڕەزامەندی نەبوو و هەر بۆیەش جەماوەری سەر بەم کەلتوورە دوای ماوەیەک بە توندی دژی بزووتنەوەی ژینا هەڵوێستیان گرت و دەستیان کرد بە پێکهاتەشکێنی لە نیشانەی ناوەندیی بزووتنەوەی ژینا کە «ژن، ژیان، ئازادی» بوو و بە جێی ئەو، درووشمی «مرد، میهن، آبادی»یان بەرجەستە کردەوە. لە کاتێکدا ئامانجی بزووتنەوەی ژینا، هاتنە دەری پەراوێزخراوەکان (ژنان، نەتەوە نافارسەکان، هەژاران و گەنجان) لە پەراوێز و دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ناوەندی دەسەڵات و سامانی وڵات بە بێ جیاوازی بوو، ئامانجی «جنبش مهسا» پاراستنی نەزمی مەوجوود و گەیشتنی تاقمێک بە لووتکەی

دەسـەڵات بوو، نـەک گۆڕانێکـی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی-سیاسی کە ویستی بزووتنەوەی ژینا بوو.

بـە کورتـی، سـەرەڕۆیی، پاوانخوازی و خۆبەزلزانیی ناوەندگەراکان کە تایبەتمەندیی سەرەکیی کەلتوورەکەیانە، بوو بە لەمپەرێکی گەورە لە بـەردەم یەکگرتوویـی دژبەرانی کۆمـاری ئیسلامی و نەیهێشـت بەرەیەکی گەورە و سەراسـەری لە ئێران و تەنانەت لە کوردستانیش ساز بێت. هەوڵە تێکدەرانەکانی ناوەندخـوازەکان، هێندێک لایەنی کوردی لە کورد دوور خسـتەوە و بـوو بە هۆی ئەوەی کەلێـن بکەویتە نێو ڕیزەکانـی کوردەوە. لە ئاکامدا، سـاز بوونی کەلێن لـە نێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەستی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی بۆ لاواز کردنی بزووتنەوەکە بەهێزتر و کراوەتر کرد.

گەلۆ؛ ئێسـتا کە ئەزموونـی بزووتنەوەی ژینا پێشـانی داوین بەداخەوە بیرۆکەی ساز کردنی جێگرەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە لە ئێران ئەسـتەمە و تەنانەت سـاز کردنی بەرەیەک لە کوردستانیش دژوار دێتە بەر چاو؛ ئێستا کە دەبینین لە سەردەمی تێکنۆلۆژیدا، بەربەرەکانـێ لەگەڵ ڕێژیمێکـی مرۆڤکووژ کـە لە هیـچ جینایەتێـک ناپرینگێتەوە، بە دەستی خاڵی و لە شـەقامەکان زۆر دژوارە؛ ئێسـتا کـە سـەردەمی ماڵئاواییکردنـە لە کەلتـووری فەرماندەرانـە و فەرمانبەرانە لە هەموو شێوازێکی ژیاندا؛ لە خێزان، قوتابخانە، ئابووری، سیاسەت و کۆی پەیوەندییەکان؛ بە کورتی ئێسـتا کە سـەردەمی ئاسۆیی بوونە، حیزبێکی سیاسیی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەبێ چ بکات؟

هـەر وەک دەزانین حیزبـی دێموکرات حیزبێکـە کە بۆ گەشـەدان بـە کۆمەڵگای کوردسـتان، جێگیرکردنـی دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی، پـەرە پێـدان بـە ئازادییـە تاکەکەسـییەکان و دەسـتەبەر کردنی مافی نەتەوایەتـی خەبات دەکات. پرسـیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە ئەم حیزبە لە سەردەمی ئێسـتادا واتا سەردەمی ئاسـۆیی بوون چۆن دەبـێ ئەم ئەرکانەی خـۆی ڕاپەڕێنێ؟ وڵام ئەمەیە؛ هەڵبژاردنی شێوازێکی نوێ لە خەبات بە ناوی «خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ[۹]» (مبارزە افقـی ڕادیکال)؛ چوونکە ئەم جۆرە خەباتە بە چەند هۆ بۆ ئێستا گونجاوە:

۱ لەگەڵ سـەردەمی ئێسـتا کە سەردەمی ئاسۆیی بوونە تەبایە.

۲ لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا کە بزووتنەوەیەکی ئاسۆیی و ڕادیکاڵە سازگارە.

۳ بە ئامانجی دوارۆژی حیزب کە «سۆسیالیزمی دێموکراتیکە» وەفادار دەمێنێتەوە، ئەگەرچی دەیهەوێ بە شێوازی ئاسۆیی جێبەجێی کات

۴ بەجێی پێداگری لە سـەر «دێموکراسیی زۆرینـــە - کـــەمینە»، لایەنگـری لـە «دێموکراسـییەکی ڕادیکاڵ» هەم لە ئێران و هەم لە کوردستان دەکات کە ڕێگە نادات لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران، نەتەوەیەک سوڵتەی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێت و ڕێـگا بۆ کورد دەهێڵێتەوە کە واز لە «مافی دیاریکردنی چارەنـووس»ی خۆی نەهێنێت. هەروەهـا لـە کوردسـتانیش ناهێڵێ هێزی گەورە، بچووکەکان لە پەراوێز هاوێ و پێ لە سـەر ئەم ئەسڵە دادەگرێ کە دەبێ هەمیشە گوێ لە داواکاریی کەمینەکان بگیرێت و ڕێگا بۆ قووڵ بوونەوەی دێموکراسی لە کوردستان هەموار بکرێت.

۵ دەتوانـێ ڕێـگا خۆش کات کـە حیزبی دیموکرات سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی خۆی لەگەڵ سـەردەم بگونجێنێ بەچەشنێک کە وڵامدەرەوەی سەردەمی ئێستا بێت.

۶ «خەباتـی ئاسـۆییی ڕادیـکاڵ»، بۆ بەرەو پێش‌بردنی کۆمەڵگا گەشـەیەکی خەڵکییانە هەڵدەبژێری کە سەرنجی تایبەت دەداتە سەر دێموکراسی و پاراستنی ژینگە.

۷ «خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»، هەوڵ دەدات

ئاسەوارەکانی کەلتووری سیاسیی کۆن وەک سەرۆکسالاری و پیاوسالاری لەناو ببات و هاوئاهەنگ لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا، ژنان و گەنجان ببنە پێشەنگ و بەڕێوەبەری خەبات

لە درێژەدا هەوڵ دەدرێ بە شیکردنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە، گەڵاڵەی خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ بخرێتە ڕوو. بەڵام پێش ئەوەی بپەرژێینە سەر خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ، پێویستە سەرەتا باسی ئەم گەشەیە بکەین کە دەبێ لە سەردەمی ئاسۆیی بووندا هەنگاوی بەرەو هەڵێنین، ئەویش بریتییە لە «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ». دواتر باسی بەشەکانی دیکەی ئەم خەباتە دەکەین.

### ۳ گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»(توسعه افقیِ رادیکال)[۱۰]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەوێنی بیرۆکەی «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»، بە ئیلهام وەرگرتن لە «قوتابخانەی «پاشگەشە[۱۱]» (پساتوسعە) و لە ژێر کاریگەریی واقعییەتی کۆمەڵگای کوردستان لە پاش «بزووتنەوەی ژینا» شکڵی گرتووە. هەڵبەت پێویستە ئەوەش زیاد کەین کە ئەم گەشەیە ئەگەرچی لە ژێر کارتێکەریی «قوتابخانەی پاشگەشە»دا گەڵاڵە کراوە، لەم ڕوویەوە کە گەشە بە تەوای ڕەت ناکاتەوە، جیاوازیی لەگەڵ قوتابخانەی پۆستگەشە هەیە. هەر وەها بە هۆی ئەوەی هەوێنی ئەم بیرۆکەیە لە ژێر باندۆری «سۆسیالیزمی دێموکراتیکی» د.قاسملوودا گەڵاڵە کراوە، یەکجار زۆر قەرزداری کورتە باسە، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ گەشەدا هێندێک جیاوازیی لەگەڵ کورتەباس هەیە، چونکە پێی وایە لە سەردەمی ئاسۆییبووندا، پێویست بە حیزبی هاوئاهەنگ هەیە تا پێشەنگ؛ هەروەها لایەنگری لە گەشەی ئابووریی کۆچێ و تەواوا دەوڵەتگەرا ناکا، بۆیە ناوی «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»مان لێ ناوە. ئەم گەشەیە، کاتێک گەشەی سەرمایەدارانەی سەر بە پارادایمی مۆدێرنیزاسیۆن و ڕێبازی نیئۆلیبرالیزم ڕەت دەکاتەوە، لە قوتابخانەی «پۆستگەشە» و «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» ئیلهام وەردەگرێ؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی گەشە بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە، جیاوازیی لەگەڵ «پۆست گەشە» هەیە و چونکە بە قەد «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»یش دەوڵەتگەرا/حیزبگەرا نییە و ئەرکی دارشتنی گەڵاڵەی گەشە و جێبەجێکردنی گەشە بە تەواوی ناخاتە ئەستۆی دەوڵەت یان حیزب، هێندێک جیاوازیی لەگەڵ ئەویش هەیە؛ لەگەڵ ئەوەش لە هیچیان دانابڕێ. «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ» بە تێکەڵکردنی خاڵە پۆزیتیڤەکانی ئەم دوو قوتابخانەیە و بە هەموار کردنەوەی هێندێک لە ئەسڵەکانی ئەم دوو ڕێبازە فکرییە و سازگار کردنیان لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگەی کوردەواری، دەیهەوێ سەنتێزێک بە ناوی «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ» ساز کا.

لێرەدا پێویستە ئەگەر بە کورتییش بێ ئاورێکی بچووک لە قوتابخانەی پاشگەشە بدەینەوە. ئەم بیرۆکەیە، لە دەیەی ۸۰ی زایینیدا و لە ژێر کاریگەریی ئیڤان ئیلیچ[۱۲]، ڕەخنەگرانی کۆلۆنیالیسم و بیرمەندانی پاشکۆلۆنیالیست (پسااستعماری) شکڵی گرت. کەسانێکی وەک ئارتوورۆ ئێسکووبار[۱۳] و گووستاڤۆ ئێستێڤا[۱۴] بۆ یەکەمین جار پێکهاتەی واتایی گەشەی مۆدێرنیان تێک شکاند و ئاشکرایان کرد کە گەشە لە چوارچێوەی گوتاری داگیرکاری و کۆلۆنیالیستیدا، باکوور واتا جیهانی ڕۆژئاوا (ئورووپای ڕۆژئاوا و ئامریکای باکوور) وەکوو پێشکەوتوو و وڵاتانی باشوور (جیهانی سێهەم) وەکوو پاشکەوتوو، سەرەتایی و بەرەو فەوتان پێشان دەدات (Escobar, 1995: 91). پاشگەشەخوزان پێیان وایە بیرۆکەی گەشە (توسعە) بنەمای سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی هەیە و تەنیا لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژئاوا سازگارە و لە دەرەوەی ئەم جیهانە،

ئەرکی ڕاستەقینەی تەنیا سەپاندنی هێز و دەسەڵاتە بەسەر جیهانی ناڕۆژئاوادا. گەشە وەکوو ئیدئۆلۆژییەک کە ڕیشەی لە ئاواتەکانی نوێسازی (مۆدێرنیزاسیۆن)دایە، بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە وڵاتانی ناڕۆژئاوایی بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ئەوان، مەجبوور کا کە لە مۆدێلی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژاوا پەیڕەوی بکەن.

ئەوان دەیانویست گوتاری گەشە لە ژێر سێبەری کەلتووری مۆدێرنیزاسیۆن و ڕەوتی هێڵدار و تەکڕەهەندیی گەشە(جریان خطی و تک بُعدی توسعه) بێننە دەرێ و بە دوور کەوتنەوە لە پلان و بەرنامەی گشتگیر و جیهانی، گرینگی بە کەلتووورە ناوچەیی و خۆجێییەکان بدەن. لە ڕوانگەی پاشگەشەدا ئیتر گەشە دیاردەیەکی هاوردەکراو نییە کە دیکتاتۆرێکی ڕیفۆرمیست (دیکتاتور مصلح) یان حکومەتێکی ناوەندگەرا بە بەرنامەیەکی ئابووریی کۆجێ (برنامەریزی اقتصادی متمرکز) بتوانێ کۆمەڵگای بەرەو لا ببات. بۆ گەشەسەندنی وڵاتێک، ئەشێ ڕۆڵی گشت چین و توێژەکان وەکوو گوندنشینان، جووتیاران و هەژاران و بە گشتی پەراوێزخراوان لەبەر چاو بگیرێ. نابێ ئەم چین و توێژانە وەکوو خەڵکانێکی بێفەرهەنگ و دواکەوتوو کە تەنیا پێویستییان بە ڕاهێنان و فێر کردن هەیە ببینرێن؛ بەڵکوو دەبێ وەکوو کەسانێک چاویان لێ بکرێ کە خاوەنی کەلتووری دەوڵەمەند و پڕبایەخن. بەڕای ئێسکۆبار، بۆ پێشکەوتنی وڵاتێک نابێ تەنیا لە سەرەوە و لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرنامە و پلانی گەشە گەڵاڵە بکرێت و هەر بە دەستی ئەویش بەڕێوە بچێت؛ بەڵکوو دەبێ خەڵک خۆیان لە گوند و شار بە تایبەت چین و توێژی هەژار و بێبەش وێڕای دەوڵەت لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی گەشەدا بەشدار بن. لەم ڕوانگەیەدا، گەشە لە خوارەوەی کۆمەڵگاوە دەست پێ دەکات و بە پێچەوانەی پلانە سەراسەری و مەزنەکان، گرنگییەکی یەکجار زۆر بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە خۆجێیی و ناوچەییەکان دەدرێ.

بە گشتی، «پاشگەشە» بە ڕەتکردنەوەی گەشەی ڕۆژئاوایی، بەدوای دۆزینەوەی جێگرەوەیەکە کە تێیدا گۆڕان تەنیا لەسەر بنەمای ماددی و ئابووری ڕوو نەدات، بەڵکوو پێی وایە گەشەسەندنی ڕاستەقینە لە کەلتوورەوە دەست پێ دەکات و لە ڕێگەی بەمرۆییکردنی گەشەوە دەستەبەر دەبێت. ویستی پاشگەشە، گۆڕانی نێوخۆیی، کەلتووری و مەدەنییە کە لە خوارەوەی کۆمەڵگاوە دەست پێ دەکات؛ واتا کۆمەڵانی خەڵک لە گوند و شار خۆیان داڕێژەر و بەڕێوەبەری گەشەن و بۆ هەر چەشنە گۆڕانێک دەبێ ویست و ڕای خەڵکی ناوچە جیاوازەکان، ژنان، لاوان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان (NGO) و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرچاو بگیرێ.

پاشگەشە پێی وایە کە بۆ گۆڕانی هەر کۆمەڵگایەک، دەبێ کەلتوور، داب و نەریت و زانستی ناوچە خۆجێیەکان بە هەند وەرگیرێ و ڕێز بۆ جیاوازییەکان دابنرێ. پاشگەشە، باوەڕی بە پلۆرالیسمە و هەر چەشنە سیاسەتێک بۆ یەکڕەنگ‌کردن و یەکدەنگ کردنی کۆمەڵگا ڕەت دەکاتەوە. پاشگەشە، بە جێی برەودان بە کەلتووری ماددیگەرایانە و مەسرەفگەرایانە، لایەنگری لە شێوازێکی نوێی ژیان دەکا کە چێژ تەنیا لە کڕین و مەسرەف کردندا نەبینرێ و هەر بەرنامەیەک بۆ گەشە ئەشێ پاراستنی سروشت و ژینگە لەبەرچاو بگرێ. پاشگەشە پێی وایە دەبێ سیاسەت لەسەر قووڵ بوونەوەی دێموکراسی چڕ بێتەوە و تەواوی ئازادییە دێموکراتیکەکان ڕێزیان لێ بگیرێت. بە گشتی، پاشگەشە پێداگری لەسەر گەشەیەکی خەڵکییانە دەکات کە وێڕای دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەک خواردن، جلوبەرگ، خوێندن،

خانووبەرە و تەندروستی، گرینگی بە ڕۆڵی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت؛ قووتابخانەی پاشگەشە زیاتر لە سەرمایەی ماددی، گرینگی بە پەرەپێدانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی[۱۵] دەدات؛ بە تەواوی دژی ناوەندگەراییە و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەهێزکردنی خەڵکەوە ئاستی بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک لە کۆمەڵگادا بەرز کاتەوە.

ئێسکووبار، یەکێک لە بیرمەندانی سەر بە پارادایمی پاشگەشە، پێی وایە لە نێوان سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لاواز بوونی پارادایمی گەشە، پەیوەندی هەیە و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە تیۆرامان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ دەرباز بوون لە گوتاری مۆدێرنیزاسیۆنی پاش شەڕی جیهانیی دووهەم کۆمەڵێک ئیدەمان دەداتێ. ئەو، پێی وایە گەشە وەکوو گوتارێک بە ساز کردنی کۆمەڵێک چەمکی وەک هەژاران، برسییەکان، نەخوێندەواران و پاشکەوتووان، هێژمۆنیی جیهانی باکوور (گەشەسەندوو) بە سەر جیهانی باشوور (گەشەنەسەندوو) دا دەسەپێنێ. لەم ڕوانگەیەوە، گەشە واتا کۆمەڵێک پەیوەندیی هێز و دەسەڵات کە لە ڕێگەیەوە جیهانی ڕۆژئاوا دەیهەوێ جیهانی سێهەم بەرهەم بێنێت و ئامانجی ئەوەیە کە هەمووی جیهانی گەشەنەسەندوو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا، ئەزموونی گەشە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئەمڕۆ ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بەرنامە و پلانی گەشە لە سەر ئیدئۆلۆژیی ناوەندگەرایانەی نەتەوەی فارس دامەزراوە و هەمیشە ڕوانگەیەکی هیرارشیک و سەرەوخوار، فارستەوەرانە و دەوڵەتییانە زاڵ بووە و ژێردەستان (نافارسەکان، ژنان و هەژاران) قەت نەبینراون. هەر بۆیەش ئەم وڵاتە بە گەشەیەکی ڕاستەقینە و هەمەلایەنە نەگەیشتووە و بەردەوام پەیوەندییە زاڵمانەکانی سوڵتە بەرهەم هێنراونەتەوە. کەوابوو دەبێ بۆ هەمیشە واز لە ڕوانگەی ناوەندگەرایانە و نەژادپەرەستانە بۆ گەشەسەندن بێنین و ڕوانگەیەکی نوێ هەڵبژێرین.

شتێکی دیکە کە لە پەیوەندی لەتەک گەشەی ئاسۆییدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە ئەم جۆرە گەشەیە ئەگەرچی لایەنگری لە ئازادیی تاکەکەسی دەکات، بەڵام بە توندی ڕەخنە لە تاکگەراییی بەرژەوەندیخوازانەی لیبراڵیزم و نیئۆلیبراڵیزم دەگرێ. چونکە پێی وایە دەوڵەت نابێ تەنیا وەک «پاسەوانی شەو» ئەرکی دابینکردنی ئەمنییەت، بەڕێوە بردنی یاسا و جێگیر کردنی نەزمی لە ئەستۆ بێ؛ بەڵکوو ئەشێ «چاوەدێری» بەسەر ئابووریدا بکات و نابێ ئیزن بدات هیچ کەس بە دەستی هەژاری، نەخۆشی و هەڵبەزدابەزی بازاڕەوە بناڵێنێ. کەوابوو دەبێ ئەرکی دابینبوونی خوێندنی خۆڕایی، تەندروستی و بنەبڕکردنی هەژاری وە ئەستۆ بگرێ. بەم شەرحە، گەشەی ئاسۆیی لایەنگری لە دەوڵەتی بچووک ناکات و لێرەدا لە لیبراڵیزم و نیئۆلیبراڵیزم جوێ دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەش گەشەی ئاسۆیی لایەنگری لە دەوڵەتی گەورەی مارکسیسمی ئۆرتۆدۆکسیش ناکات؛ چونکە پێی وایە ئازادیی تاکەکەسییەکان بەرتەسک دەکاتەوە.

بە گشتی، گەشەی ئاسۆیی پشتیوانی لە دەوڵەتی تا ڕادەیەک گەورەی چالاک و کۆمەڵگەی مەدەنیی گەورەتر و چالاکتر دەکات و لێرەدایە کە هەم لە لیبراڵیزم و هەم لە سۆسیالیزم جیا دەبێتەوە و لە سۆسیالدێموکراسی نزیک دەبێتەوە. بەهێزبوون و چالاکبوونی دەوڵەت هەمیشە بە واتای سەرەڕۆبوون نییە، بەڵکوو دەبێ یارمەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات. کارڵ پۆلانی[۱۶] پێی وایە سیستەمی بازاڕی ئازاد لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ نامۆیە. ئەم سیستەمە بەرهەمی هەوڵەکانی دەوڵەتە

بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی چینێکی تایبەت. بەر لە زاڵبوونی نیزامی بازاڕی ئازاد، ئابووری لە خزمەت کۆمەڵدا بووە؛ بەڵام پاش زاڵبوونی نیزامی بازاڕی ئازاد، ئابووری لە کۆمەڵگا جیا بوویەوە و وەکوو دیاردەیەکی سەربەخۆ و تەریک لە کۆمەڵگا ئیشی کرد و دەرکەوتەکەشی بوو بە فاشیسم و کۆمۆنیزم. کەوابوو لیبراڵیزم و کۆمۆنیزم هیچیان ناتوانن کۆمەڵێک بونیاد بنێن کە هەموو مرۆڤەکان تێیدا بەختەوەر بن. ڕێگەچارە دێموکراتیزە کردنی سۆسیالیزم و سۆسیالیزە کردنی دێموکراسی یا هەمان «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»ە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە وێڕای دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز و گەورە، ئەشێ کۆمەڵگایەکی مەدەنیی گەورەتر و چالاکتر لەم دەوڵەتە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوومان هەبێ بۆ ئەوەی پێش بە سەرەڕۆیی دەوڵەت بگرین، بێ ئەوەی لە داوی نیئۆلیبراڵیزم بکەوین؛ ئەمەش لە ڕێگەی گەشەی ئاسۆییەوە دەستەبەر دەبێت

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە گەشەی ئاسۆیی کەڵک لە ئەندێشەی ئابووریزانێکی تر بە ناوی ئامارتیا سێن[۱۷] وەردەگرێ کە لە ساڵی ۱۹۹۸ بووەتە براوەی خەڵاتی نۆبێل لە بواری ئابووریدا. سێن لە کتێبی «گەشە وەکوو ئازادی[۱۸]»دا وێڕای لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی دەوڵەت لەسەر گەشە، گرینگییەکی زۆریش بۆ ڕۆڵی مرۆڤ وەکوو کارگێڕ دادەنێ. لە ڕوانگەی «سێن»دا، دەوڵەت دەبێ ئەرکی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەروەردە، تەندروستی و بنبڕ کردنی هەژاری وەئەستۆ بگرێ؛ بەڵام لەم بەریش ئەندامانی کۆمەڵگا دەبێ شان بە شانی دەوڵەت بە شێوەی چالاکانە بۆ گەشە هەوڵ بدەن(سن، ۱۳۸۱: ۴۵-۲۵). لە ڕوانگەی ئەوەوە، پەیوەندییەکی دیالێکتیک لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە گەشە هەیە. «سێن» بە پێناسە کردنی گەشە بە واتای ئازادی و شکۆفایی مرۆ، دەیهەوێ تاکگەرایی ئابووریی مۆدێرن وەلا نێ و بە دوورکەوتنەوە لە یۆنیڤێرسالیزم، تایبەتمەندییە خۆجێییەکانی گەشە لەبەر چاو بگرێ و جگە لە گەشەی ئابووری، گرینگی بە پێوەرە مرۆییەکانی گەشە (شاخصهای انسانی توسعه) بدات. لەگەڵ ئەوەی «سێن» پێی وایە دەبێ دەوڵەتی خۆشبژیو (دولت رفاه) بۆ پرسگەلێکی وەکوو پەروەردە، تەندروستی، هەژاری و بێکاری دەستوەردان بکات، بەڵام ئەم دەستوەردانە نابێ یەکجار زۆر بێت. گەشە ئەشێ بە هاوکاری و بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک و دەوڵەت مسۆگەر بێت.

بە گشتی، «گەشەی ئاسۆیی» بایەخ بۆ هەر دوو پێوەری ماددی و ناماددیی پێشکەوتن دادەنێ، بە مەرجێک خۆسەپێنانە و زۆرەملێیانە نەبێ، لەگەڵ ویستی کۆمەڵانی خەڵک سازگار بێت و زەربە لە ژینگە و ئەو کەلتوورە خۆجێیانە نەدات کە دژایەتییان لەگەڵ ژیانێکی مرۆڤانە نییە. گەشەی ئاسۆیی ڕادیکاڵ ئەگەرچی دژی کۆنەپەرەستییە، بەڵام دژی هەموو نەریتێک نییە و نایهەوێ ژیانی ئەو گرووپانەی نایانهەوێ بە شێوەی دنیای مەسرەفگەرا بژین، تێک بدات. ئەم گەشەیە هێندێک لە پێوەرە نەرمەکانی «دامەزراوەی نێونەتەوەیی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان[۱۹]» وەکوو پێوەرەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی قەبووڵ دەکات و دەیهەوێ لە ڕێگای پەرە پێدان بەم پێوەرانە، کۆمەڵگا بەرەو گەشە ببات. لە ڕوانگەی ئەم دامەزراوەیەوە ئەم پێوەرانەی دەبێ پەرەیان پێ بدرێت و بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا گەشە بکا، بریتین لە: ۱ چالاکیی مەدەنی[۲۰]؛ ۲ کلووپ و ئەنجومەنەکان[۲۱]؛ ۳ یەکپارچەیی نێوخۆیی[۲۲]؛ ۴ متمانە و ئەمنییەتی نێوان تاکەکان[۲۳]؛ ۵ بەرابەریی جنسییەتی[۲۴] و ۶ لە خۆگرتنی کەمایەتییەکان[۲۵] (ISS ،2010)

هەر یەک لەم پێوەرە نەرمانە لە


ڕەوتی گەشـــەی کۆمەڵایەتیـــدا، یارمەتی بە گەشەیەکی ڕاستەقینە و دێموکراتیک دەدەن. بۆ نموونە، لە ئاکامی پەرەســـەندنی چالاکیی مەدەنـــی و زیاد بوونی کلـــووپ و ئەنجومەنە جۆراوجـــۆرەکان، کۆمەڵێـــک داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو ڕۆدەنرێ، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکان گەشە دەکـــەن و دەبنە هۆی ئەوەی شـــارۆمەندان چالاکانە لە کۆمەڵگا و سیاســـەتدا بەشداری بکەن. ئـــەم پێوەرانە ڕێگا بـــۆ خەڵک خۆش دەکەن کە دەستیان بە ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییـــەکان، کەرەســـەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی بەشـــداری لە سیاســـەت وەکوو خۆپێشـــاندان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕابگا.

یەکپارچەیـــی نێوخۆیـــی، ململانـــێ و ناکۆکیـــی نێـــوان نەتـــەوە، تاقم و دەســـتە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵگا ئەنـــدازە دەگرێ و بەهێـــز بوونی ئەم پێـــوەرە، دەبێتە هۆی نەمانی هـــەڵاواردن و سیســـتەمی ئاپارتاید. یەکپارچەیـــی نێوخۆیـــی دەبێتـــە هـــۆی بەهێزکردنی دێموکراسیی ڕادیکاڵ و یەکێتی و یەکگرتوویـــی لـــە نێـــوان چیـــن و توێژە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵگا ســـاز دەکا بە بێ ئەوەی هیـــچ گرووپێکی ئایینـــی، نەتەوەیی و زمانی لە نێو گرووپێکـــی دیکەدا بتوێتەوە یان جیاوازییـــەکان، توندوتیژی و نائارامییان لێ بکەوێتـــەوە. متمانـــە و ئەمنییەتی نێوان تاکەکان وەکوو ســـەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکـــەکان لەگەڵ یەک، هەســـت بە ئارامی و خۆشەویســـتی بکەن و لەتـــەک یەکدا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک مامەڵـــەی بازرگانی، کاری مرۆڤدۆســـتانەی وەک ژینگەپارێـــزی، داکۆکیکـــردن لە مافی منالان، کاری خێرخوازی، کاری سیاسی و بە گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەست بـــە متمانە بکەن. ئەمانـــە دەبنە هۆی ئەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا گەشە بکات.

بەرابەریـــی جنســـییەتی واتـــا ژنان تا چ ڕادەیـــەک وەکوو پیاوان لـــە بواری خوێندن، پیشـــە و سیاســـەتدا دەرفەتی یەکســـانیان دەدرێتـــێ و ئاخۆ لە کۆمـــەڵ و ناوماڵ، هێز و دەســـەڵاتیان بە ئەندازەی پیـــاوان هەیە؟ لە ڕەوتی گەشەی ئاســـۆییدا، هیچ پاساوێک بـــۆ هەبوونی نابەرابـــەری لە نێـــوان ژنان و پیاوان لە هیـــچ شـــوێن و گۆڕەپانێک نییە. لە بەڕێوەبردنـــی ناوماڵ، خاوەندارێتیی منال، ئیرس و میـــرات، مافی تەڵاق، کاری ئابووری و خوێندن هەتا دەگاتە گشت بەرپرسیارەتییە بەڕێوەبەرایەتییـــەکان و بەرزتریـــن پلـــە سیاسییەکان دەبێ لەگەڵ پیاوان بەرابەر بن و پیاوسالاری بە تەواوی لە کۆمەڵگا داماڵدرێ. پێـــوەری لەخۆگرتنـــی کەمایەتییـــەکان، لە هەمبەر ڕەچاو کردنی سیاســـەتی هەڵاواردن دژی چیـــن و توێژە لاواز و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵـــگا وەک خەڵکانی خۆجێیی، خەڵکانی کۆچەر و پەنابەران دەوەستێتەوە و ڕێگا نادات هیچ یاسایەک پەسند یان جیبەجێ بکرێ کە ببێتە هۆی هەڵاواردنی ئەوان لە بەشـــەکانی دیکەی کۆمەڵـــگا. (Foa and Tanner, 2012: 9-12).

بەم چەشـــنە، «گەشـــەی ئاســـۆیی» لە قوتابخانـــەی پاشگەشـــە، سۆســـیالیزمی دێموکراتیک، سۆسیالدێموکراســـی، بیرۆکەی گەشە وەکوو ئازادی و پێوەرەکانی دامەزراوەی نێونەتەوەییـــی توێژینـــەوە کۆمەڵایەتییەکان کەڵـــک وەردەگرێ و بـــە تێکەڵکردنی بنەما فکرییەکانی ئەوان، گەڵاڵەی جۆرێک گەشە دادەڕێژێ کە لەگەڵ گەشەی تەک ڕەهەندی، هێڵـــدار، ناوەندگەرایانـــە، دەوڵەتگەرایانـــە، زۆرەملێیانە و سەرمایەدارانە ناتەبایە.

پێویســـت بـــە ئاماژەیـــە کە «گەشـــەی ئاســـۆیی» ئەگەرچی لە قوتابخانەی پاشگەشە ئیلهام وەردەگرێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی پێی وایە گەشـــە توانیوێتی گۆڕانـــکاری لە ژیانی مرۆڤدا پێک بێنێ، بە گشـــتی گەشـــە ڕەت




**چارتی ژمارە (١)- گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ**

ناکاتەوە و دەیهەوێ جێگرەوەیەک بۆ گەشەی ناوەندگەرایانە و سەرمایەدارانە دانێ. لە حاڵێکدا پاشگەشە لە جێگرەوەیەک بۆ کۆی گەشە دەگەڕێ، گەشەی ئاسۆیی دەیهەوێ ئاڵتێرناتیڤێک بۆ گەشەی ناوەندگەرایانە، دەوڵەتگەرایانە و سەرمایەدارانە بدۆزێتەوە. لەم گەشەیەدا نە بە تەواوی ڕۆڵی دەوڵەت ڕەت دەکرێتەوە و نە لە داوی کەرتی تایبەتیی (بخش خصوصی) سیاسەتی نیئۆلیبراڵ دەکەوێ کە دەیهەوێ لە ڕێگەی تێکنیکەکانی بایۆپۆلیتیکەوە (زیست - سیاست) کۆمەڵگا ڕام و ملکەچی خۆی بکات.

لە لایەکی دیکەوە «گەشەی ئاسۆیی»، لایەنگری لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات و سیستەمی سەرمایەداری بە سیستەمێکی ستەمکار دەزانێت و پێی وایە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانە. هەر بۆیە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کەڵک وەردەگرێت و خۆی بە تەبا لەگەڵی دەزانێت بەم جیاوازییە کە گەشەی تەواو دەوڵەتی و سەرەوخوار ڕەت

دەکاتـــەوە و خوازیاری بەشـــداری پێکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕەوتی گەشەی وڵاتدایە. لەم شـــوێنەش کە گرینگی بە ڕۆڵی تاکەکان و ئازادیی ئـــەوان لە ڕەوتی گەشەســـەندنی کۆمەڵگادا دەدات، لە بیرۆکەی «گەشە وەکوو ئـــازادی»ی ئامارتیا ســـێن ئیلهام وەردەگرێ. هەروەها بـــە هۆی ئەوەی بایـــەخ بە پێوەرە نامادديیەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی دەدات، لە پێوەرە نەرمەکانی «دامەزراوەی نێونەتەوەییی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان» کەڵک وەردەگرێ. هۆکاری هەڵبژاردنی ئاوا گەشـــەیەک ئەوەیە کە لەگەڵ چاخی ئێستا کە سەردەمی ئاسۆیی بوون و زەمانی ناشتنی سیاسەتی فەرماندەرانە و زۆرەملێیانەیە، دەگونجێ. گەشـــەی ئاسۆیی وەکـــوو ئاڵتێرناتیڤـــی جۆرەکانـــی دیکـــەی گەشـــە، خوازیاری پێشخستنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگایـــە و دەیهەوێ بـــە قووڵکردنەوەی دێموکراســـی، برەودانـــی دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی بەرابەری و گەشـــە سەندنی ئازادییە مەدەنییەکان، کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر ڕۆبنێ.

هەنووکە لە ســـەردەمی پاش بزووتنەوەی ژینـــادا، ئایدیایەک کە «گەشـــەی ئاســـۆیی» دەیـــدا بە ئێمە ئەوەیە کـــە بزووتنەوەی ژینا وەکـــوو بزووتنەوەیەکـــی کۆمەڵایەتیی نوێ، پێویســـتییی بە گەلاڵەکردنـــی بەرنامەیەکی تازە هەیە بۆ بەرەوپێشـــبردنی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر وەک ئاماژەمان پێ دا بزووتنەوەی ژینا لە بەستێنی کەلتووری سیاسیی ئاســـۆییدا بیچمی گرت، بۆ ئەوەی بتوانین هاوشان لەگەڵ ئەم کەلتوورە، لە لایەک بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردستان بـــەرەو پێش ببەیـــن و لە لایەکـــی دیکەوە بەرنامەیەک بۆ پێشـــکەوتنی کۆمەڵگاکەمان دابڕێژین، پێویســـتیمان بە شـــکڵێکی نوێ لە خەبات هەیە کە لەگەڵ کەلتووری سیاســـیی ئاســـۆیی پاش بزووتنەوەی ژینا و گەشـــەی ئاسۆیی ڕادیکاڵ تەبا بێت؛ ئەم خەباتە دەبێ هەم تایبەتمەندیی شۆڕشـــگێرانەی هەبێت و هەمیش خەڵکییانە و ناهیرارشیک بێت؛ ئەم خەباتە بریتییە لە «خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ» کـــە لە درێژەی وتارەکەدا لەبەر ئاســـانبێژیی زیاتر بە «خەباتی ئاسۆیی» ناوی دێنین.

## ٤ خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، گۆڕانکاری لـــە پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتیی کوردســـتان، زەرووەرەتـــی پێداچوونـــەوەی لـــە چۆنیەتیی درێـــژەدان بە خەباتـــی میللی-دێموکراتیکی خەڵکـــی کورد لـــە ڕۆژهـــەڵات وروژاندووە و پێویســـتە حەدکا جۆرێکی نـــوێ لە خەبات بە ناوی «خەباتی ئاســـۆییی ڕادیکاڵ» ڕەچاو بکات کە لەگەڵ دۆخی ئێســـتای کۆمەڵگای کوردســـتان تەبا بێت. هەر جـــۆرە خەباتێک پرەنسیپ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ خەباتی ئاسۆییش خاوەنی چەندین ئەسڵی سەرەکییە کە کـــۆی خەباتەکە لە دەوری بیچم دەگرێ و پێی دەناسرێتەوە؛ ئەم ئەسڵانە بریتن لە:

١ سۆسیالیزمی دێموکراتیک
٢ مافی دیاریکردنی چارەنووس
٣ گەشـــەی ئاســـۆییی ڕادیـــکاڵ (هەمـــە لایەنە:گەشەی سەوز، کۆمەڵایەتی - ئابووری- سیاســـی- کەلتـــووری) بە جێی گەشـــەی ئابووری تەوەر
٤ بەرێوەبەرایەتیی ئاسۆیی
٥ دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ
٦ خەباتـــی چەنـــد ڕەهەنـــدی (سیاســـی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و چەکداری)
٧ هاوئاهەنگی بە جێی پێشەنگی

لە درێژەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی و بە پوختی هەر یەک لەم ئەسڵانە شی کەینەوە

### ١-٤- سۆسیالیزمی دێموکراتیک

د. قاســـملوو پێـــی وایە یەکێک لـــە ئەرکە ســـەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات هەوڵدان بـــۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتـــی و لەنێوبردنی

چەوسانەوەی ئینسانە و لەم ڕاستایەشدا سۆسیالیزم وەکوو ئامانجی دوارۆژی حیزب دیاری دەکات (تاڤگەی هەقیقەت، ٢٢). لە «کورتەباس»دا، د. قاسملوو لە بەشێکدا لە ژێر ناوی «سۆسیالیسم چییە؟» ڕوونی دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات نیزامی سەرمایەداری ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: «کاتێک دەڵێین سۆسیالیزممان دەوێ، ئەوە بەو مانایە کە سەرمایەداری ڕەت دەکەینەوە» (تاڤگەی هەقیقەت، ٢٣). دواتر دەڵێ ئێمە بۆیە سۆسیالیزممان هەڵبژاردووە کە «ئیمتیازی نەژادی، چینایەتی، ئیرسی، عەشیرەتی، ئایینی و ... هەموویان لە سۆسیالیزمدا لە بەین دەچن»(تاڤگەی هەقیقەت، ٢٥). پاشان د. قاسملوو وێڕای ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی ئەوکات، دەڵێ: ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دروست کەین کە نەک دێموکڕاسی مەحدوود نەکا، بەڵکوو پەرەشی پێ بدات؛ ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە دێموکڕاتیک بێ. ئەوە هەم بە مانای کەڵکوەرگرتن لە دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە و هەم بە مانای کەڵکوەرگرتن لە ئازادیی فەردی و سیاسی و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵسووراندنی کاروباری وڵاتدایە. لە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکدا، فەرد نە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێتەوە، نە لە باری سیاسییەوە (تاڤگەی هەقیقەت، ٤١، ٤٢ و ٤٣).

به باوەڕی نووسەر، ئێستاش سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک مرۆڤانەترین و شیاوترین ستراتێژییە بۆ دوارۆژ. هەر وەک دەزانین چل ساڵ لە نووسینی کورتەباس تێپەڕ بووە و لەم چەند ساڵەی دواییشدا هێندێک قسە و باس لەسەر ئەم بابەتە لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا هاتۆتە گۆڕێ. هێندێک کەس پێیان وایە حیزب لە ئەسڵدا و بە کردەوە حیزبێکی سۆسیال دێموکڕاتە و بۆیە پێویستە واز لەم ستراتیژییە بێنێ و بە ڕاشکاوانە ببێتە حیزبیکی سۆسیالدێموکڕات. هێندێک کەسیش پێیان وایە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک هێشتا کارامەیە، چونکە تەنیا لە ئاوا سیستەمێکدا چەوسانەوە کۆتاییی پێ دێت.

بە باوەڕی منیش هێشتا سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک بە سێ هۆ کارامەیە: ١ لەنێوبردنی چەوساندنەوە ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤە کە لە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکدا دەتوانێ دەستەبەر بێت؛ ٢ سیستەمی سەرمایەداری لە شکڵی نیئۆلیبراڵیی ئێستایدا تووشی گەلێک قەیران و کێشە بووەتەوە کە بەرچاوترینیان زل بوونەوەی مەودای نێوان چینەکان و کەلێنی کۆمەڵایەتی، پەرە سەندنی مەسرەفگەرایی و لە ناو بردنی ژینگەیە؛ ٣ دەبێ بزانین کاتێک قسە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ دوارۆژی کۆمەڵگایەک دەکەین، بە قەولی ماکس وێبێر[٢٦] مەبەست ئیدەئالتایپ[٢٧] یان جۆرێکی ئارمانییە. جۆری ئارمانی لە ڕوانگەی وێبێرەوە نموونەیەکی تەواو و کۆ کراوەی گشت تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەکە کە لە جیهانی ڕاستیدا لە هیچ کوێ دەست ناکەوێ؛ بەڵکوو توێژەر دەتوانێ هەر دیاردەیەکی دیکەی لەگەڵ هەڵسەنگێنێ و بەراوردی بکا کە چەندە لە ئیدەئاڵ‌تایپەکە نزیک دەبێتەوە. بەم شەرحە دوو چەمکی سۆسیالیسم و دێموکڕاسی بە تەواوی لقوپۆپەکانیانەوە وەکوو ئەوەی تیۆریزە کراون لە هیچ کوێ نابینرێن. گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵگایەک چەندە بتوانێ لێیان نزیک بێتەوە. کەوابوو، نە دێموکڕاسی و نە سۆسیالیزم، هیچیان وەکوو ئەوەی لەسەر لێنووس گەڵاڵە دەکرێن، لە ئەرزی واقیعدا دەستەبەر نابن. کە دەڵێین ئێستاش سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک کارامەیە، مەبەست ئەوەیە وەکوو ئیدەئالتایپێک لێی بڕوانین و بەرەو ئەو سیستەمە هەنگاو هەڵێنینەوە و تێبکۆشین کۆمەڵگای کوردستان لەم جۆرە سیستەمە نزیک کەینەوە، نەک ئەوەی

سەداســـەد بتوانیـــن دایمەزرێنیـــن. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دێموکراســـی و سۆسیالیزم پرۆژەی سیاسی نین کە لە ماوەیەکی کاتیدا ئەنجام بدرێن و دوایی ماوەیان بەسەر بچێت؛ دێموکراسی و سۆسیالیزم پرۆسە واتا ڕەوتن؛ کەوابـــوو نـــە ماوەیان بەســـەر دەچێت و نە کامڵ دبن. گرینـــگ ئەوەیە کە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی لە ئیدەئاڵتاپیەکەیان نزیک بینەوە، ئەگەرچی دەزانین قەت بە شێوەی سەداسەد دەســـتەبەر ناکرێن. هەر بۆیە دەبێ خۆمان لە هەڵبژاردنی سیاســـەتی ئیدئۆلۆژیک ببوێرین و دەرک بـــەوە بکەین کـــە کاتێک دەتوانین کۆمەڵگایەکی بەڕاســـتی مرۆڤانە بونیاد بنێین کە بتوانین بەربەســـتگەلێکی وەک ئیمتیازە کۆمەڵایەتییـــەکان (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، جیاوازیی چینایەتی) بســـڕینەوە، ئەوەش کاتێک دەســـتەبەر دەبـــێ کە بەرەو کۆمەڵگایەکی سۆسیالیســـتی و دێموکراتیک بڕۆیـــن. هەڵبژاردنـــی ئـــاوا ڕوانگەیەک ئەم تێگەیشـــتنەمان پـــێ دەدات کـــە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سۆســـیالیزم بڕۆین. بۆیە ئەشێ حیزبـــی دێموکرات کار بکا بۆ گەشـــەپێدانی ئازادیی تاکەکەسی، دێموکراسی، دادپەروەری و بەرابەری، لـــە ڕێگای هەنگاوی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییەوە.

باســـێکی دیکە کە لەســـەر دێموکراسی و سۆســـیالیزم هەیـــە، پرســـی پێشـــترێتی (اولویـــت)ی هەر کام لەوانەیـــە. ئایا دەبێ لە پێشدا دێموکراسی ســـەقامگیر بێ جا دوایی سۆســـیالیزم یان پێچەوانەکـــەی؟ بەڕای من وڵامی ئەم پرســـیارە لە بەرنامەی گەشـــەی ئاســـۆیی و خەباتی ئاســـۆییدا دیارە، ئەویش ئەوەیـــە کە ئازادیـــی مـــرۆڤ و ڕێزدانان بۆ بیـــروڕای جیاواز، گرینگترین ئەســـڵە و بەبێ ڕێزگرتن لەم مافانە هیچ شـــتێکی ئینسانیی ڕاســـتەقینە نایەتـــە دی. کەوابـــوو ئەگـــەر هەڵبژاردنێکـــی بەڕاســـتی دێموکراتیـــک و خەڵکییانە نەبـــێ، دادپەروەرییش نایەتە دی؛ چونکـــە دەســـەڵاتی نادێموکراتیک خەڵکی و گەلی نییـــە هەتا خزمەت بە چەوســـاوان و هـــەژاران بـــکات. هـــەر بۆیـــە پەرەپێدانی ئازادییـــە دێموکراتیکـــەکان و بەهێزکردنی کەلتوورێکـــی سیاســـیی دێموکراتیک لە نێو جەماوەردا، ڕێگا بۆ گەلاڵەکردن و پیادەکردنی دادپـــەروەری خـــۆش دەکات و دەتوانـــێ کۆمەڵـــگا بەرەو لای ببـــات. کەوابوو، کاتێک دەتوانیـــن کۆمەڵگەیەکی گەشەســـەندووی ئاسۆیی (جامعە توسعەیافتەی افقی) کە هەم دێموکراتیک بـــێ و هەم دادپەروەرانە، بونیاد بنێین کە دەســـەڵات بەڕاستی دێموکراتیک بـــێ، ئەوســـا ئـــەم دەســـەڵاتە دەتوانـــێ بۆ لابردنـــی چەوســـاندنەوەی ئابـــووری هەوڵ بـــدات. دادپەروەری بە بێ ئـــازادی وەهمێکە لـــە سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک و ناتوانرێ بە بـــێ ئازادی و دێموکراســـی،کۆمەڵگایەکی عادڵانـــەی پایـــەدار ڕۆ بنیرێـــت. کەوابوو بۆ ئـــەوەی هەرچـــی زیاتـــر لـــە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیســـتی نزیک بینەوە، پێویستیمان بە دێموکراسی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەیـــە. بەڵام دەبێ ســـەرەتا دەرفەتی ئازاد و بەرابەر بۆ هاووڵاتیان بڕەخســـێ هەتا پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەو جۆرەی کە بۆخۆیـــان دەیانهەوێ یەکلا کەنەوە، جا دواتر پلان و بەرنامە بۆ بەرێوەبردن و ڕێکخســـتنی بازار دابڕێژن، ئەوەش بە واتای پێشـــترێتیی دێموکراسیی کۆمەڵایەتی بەسەر دێموکراسیی ئابوورییدایە.

ڕەنگە ڕەخنەیەک کە لەم بۆچوونە بگیرێ ئەوە بێ کە ئەمە هەمان سۆسیالدێموکراسییە و سۆســـیالیزمی دێموکراتیک نییە. سەرەتا با ئەوە ڕوون کەینەوە و وەک پێشـــتر ئاماژەمان پێ دا، سۆسیالیزم ئیدەئالتاپیێکە و سەتاسەت لانیکەم لە بارودۆخی ئێستادا نە لە کوردستان و نە لە هیچ کوێ دانامەزرێ؛ کەوابوو خۆ ئەگەر بتوانین کوردســـتانێکی سۆســـیالدێموکراتی وەک ئـــەو جۆرەی لە وڵاتانی ســـکاندیناویی

ناســـراو بە مۆدێلی نۆردیک هەیە ساز دەین، کارێکی یەکجـــار گەورە دەکەیـــن. ئەمەش بـــە واتای ئەوە نییە کە سۆسیالدێموکراســـی ئامانجـــی دوا ڕۆژمانە؛ بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کـــە پلەیەک لە سۆســـیالیزم نزیک دەبینەوە و ڕێگاکانی گەیشـــتن بـــەرەوە ئیدەئالتاییی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک پتر هەموار دەبێت

پیوەرە نێودەوڵەتییەکانی دێموکراسی[٢٨]، گەشەی کۆمەڵایەتی[٢٩] و گەشەی مرۆیی[٣٠] دەری دەخـــەن کـــە وڵاتانی ســـکاندیناوی چەندین ســـاڵە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەم وڵاتانەن کە بۆ پەرەپێدانی ئاشـــتی، ئازادی، دادپەروەری و دێموکڕاسی تێدەکۆشن[٣١]. ئەم پیوەرانە پێشـــانی دەدەن کە هەر هەنگاوێک بەرەو دێموکڕاسی و دادپەروەری، بەختەوەری و خۆشبژیـــوی بۆ خەڵک بە دیـــاری دێنێ؛ کەوابوو دەبێ بە دوورکەوتنەوە لە ئیدئۆلۆژی و بـــە ڕەچاوکردنـــی ڕوانگەیەکی زانســـتی و ئەزموونکراو، دان بەوەدا بنێین کە ئەگەریش پێمـــان وایە لـــە کۆتاییدا بۆ ئـــەوەی مرۆڤ لە ســـتەمی سیاســـی و ئابووری ڕزگاری بێ، پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی و دێموکڕاتیک هەیە، لانیکەم لە دۆخی ئێستادا ڕۆ نانی ئاوا کۆمەڵگایەک ئەستەمە و گرینگ ئەوەیە کە بـــە هەنگاوەکانمـــان لێی نێزیک بینەوە. با لـــەوە تێبگەین کە ئەگەر حدکا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکـــی دێموکڕاتیکەوە توانی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە دەستەوە بگرێ، لە دۆخی ئێســـتادا گرینگ ئەوەیە کە بە شێوەی تیۆریک و عەمەلی بۆ ئاشتبوونەوە و ئاوێتەکردنی دێموکڕاســـی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەوڵ بدات، نەک ئەوەی تەواوی وزەی خـــۆی بۆ دامەزراندنـــی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی تەرخان کات.

کەوابـــوو خەباتی ئاســـۆییی ڕادیکاڵ بە گرینگیدان بە کۆمەڵانی خەڵک، دێموکڕاسی وەپێـــش دەخـــات و دوای بونیادنانـــی کۆمەڵگایەکی ئازاد، بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم کار دەکات. لە کۆمەڵگای ئاسۆییدا هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بە هەر بیانوویەک بێ، بەبێ ڕەزامەندیـــی کۆمەڵانـــی خەڵـــک، بەرنامەی ئابووری، سیاســـی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری داڕێـــژێ و بەڕێـــوەی ببات. ئەمـــە بە واتای پێشتریێتیی دێموکڕاســـییە، دێموکڕاسییەکی خەڵکـــی و ڕادیـــکاڵ. پێناســـەی گەشـــەی ئاســـۆیی بۆ مرۆڤ، مرۆڤێکـــی کۆمەڵایەتیی ژینگەدۆستە کە چێژ تەنیا لە سوودی ئابوری و مەسرەفکردندا نابینێ؛ بەڵکوو بە هەڵبژاردنی کەلتوور لـــە جێی ئابووری، وەکـــوو بناغەی پێشکەوتن، دەیهەوێ کۆمەڵگەیەکی تەژی لە ئازادی و بەرابەری پێک بێنێ کە مرۆڤ تێیدا هەســـت بە سەربەخۆیی و بەختەوەری بکات. خەباتی ئاسۆیی لە ڕێگەی گەشەی ئاسۆیییەوە دەیهـــەوێ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتـــی پەروەردە بکات، نەک مرۆڤی تاکگەرای هەلپەرەست و تەریکی دنیای لیبراڵ یان مرۆڤی داپڵۆساوی سیستەمە سەرەڕۆکان. دەیهەوێ کۆمەڵگایەک پێـــک بێنـــێ کـــە ئەندامانـــی ئازادیخواز و دادپەروەریخواز بن و ئاشتییانە پێکەوە بژین. هەر وەک دەزانین د. قاســـملووش بە شوێن ئـــەوەوە بوو کـــە سۆســـیالیزم، دێموکڕاتیزە بکات؛ ئەمە بـــە واتای ئەوەیە دێموکڕاســـی نەک گرینگتر بەڵکوو لەپێشترە. چونکە هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی خەڵکییانە ناتوانێ بەبـــێ لەبەرچـــاو گرتنی ویســـتی کۆمەڵانی خەڵـــک دابمـــەزرێ. کەوابوو ئاســـاییە کە حیزبێکی خەڵکـــی و دادپەروەریخوازی وەک حدکا، وەک هەمیشە دێموکڕاسی بخاتە پێش سۆسیالیزم و بیهەوێ بە شێوەی دێموکڕاتیک سۆسیالیزم دامەزرێنێ.

ئەزموونی چل ســـاڵ پـــاش کورتەباس نیشـــانی داوە کە دەوڵەتی گەورە ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت ئەگەریش بە شێوەی دێموکڕاتیـــک هەڵبژێـــردرێ، ئەســـتەمە بە دێموکڕاتیکـــی بمێنێتەوە و ڕەنگە وردە وردە بۆخـــۆی ببێتە دیکتاتۆریـــی زۆرینە و وەکوو

چینێکی سەربەخۆ لە خەڵک لە گەندەڵییەوە بگلێ و خۆی ببێ بە ئامرازی چەوساندنەوەی خەڵــک. کەوابوو لەگەڵ ئــەوەی پێمان وایە سۆســیالیزمی دێموکراتیــک، بــۆ دوارۆژی کۆمەڵگاکەمــان شــیاوترین و مرۆڤانەتریــن سیســتەمە، دەبێ بزانین لە ڕێگەی دەوڵەتی گەورەوە و بە سیاســەتی تێخورانە ئەستەمە دەســتەبەر بکرێت. بۆیە دەکرێ لە ڕێگایەکی دیکەوە پێی بگەین؛ ئەویش نەک لە سەرەوە و بە شێوەی هیرارشیک و بە دەستی دەوڵەتێکی بەهێــز و گــەورە؛ بەڵکوو لە خــوارەوە و بە دەستی کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام بە یارمەتیی دەوڵــەت. واتا ئەگــەر ئامانجی ســەرەکیی سۆســیالیزمی دێموکراتیــک پێشــکەوتنی کۆمەڵــگا و جێگیــر کردنــی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ســڕینەوەی چەوســاندنەوەی مرۆڤ بە دەســتی مرۆڤە، ئەزموونی وڵاتانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی نیشانی دەدات ئەم کۆمەڵگایەی بەراســتی شایستەی مرۆڤە هەتا ئەمرۆ نەهاتۆتە دی، بەڵام ناکرێ چاو لە ئەزموونی تا ڕادەیەک ســەرکەوتووی وڵاتانی ســکاندیناوی بپۆشــین کە بــۆ تێکەڵکردنی دێموکراســی و دادپەروەری هەوڵی باشــیان داوە؛ ئەگەرچــی لەگــەڵ ئــەوەی کە ئێمە لە کۆتاییــدا دەمانهەوێ، واتا سۆســیالیزمی دێموکراتیک، مەودایان زۆر ماوە.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ســەدەی ٢٠ و ٢١ ئەوەیان پێشان داوین کە پێشخستنی کۆمەڵگا، برەودان بە ئازادییە تاکەکەسییەکان، دیاریکردنی مافی چارەنــووس و بەرقەراریی دادپەروەریــی کۆمەڵایەتی، لە هیچ یەک لەم سیستەمانەی سەرەوەدا بە هۆی زاڵبوونی هێز و دەسەڵات بە باشی نەهاتووەتە دی. بەداخەوە هەمیشە بەهاکانی مرۆڤ کەوتوونەتە پەراوێزی هێز و دەسەڵاتەوە. سۆسیالیزم، سەرمایەداری، لیبرالیزم و نیئولیبرالیزم گشــتیان لە لایەن بەهێزەکانەوە کراونەتە ئامرازێک بۆ سەپاندنی دەســەڵاتداران بەسەر بێدەســەڵاتاندا، هەر بۆیــەش ئامانجەکانیــان بــە لاڕێــدا براون. تەنانەت لە سیستەمە سیاسییەکانی جیهانی پێشکەوتووشدا ستەم هەر ماوە. ئەم بارودۆخە نیشــانی دەدا کە دەبێ پابەندی ئەم ئەســڵە بین کە خودی خەڵک مافــی ئەوەیان هەیە بۆخۆیان چ سیســتەمێکی کۆمەڵایەتییان پێ باشە، دایمەزرێنن. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانیــن کە هیچ سیســتەمێکی سیاســی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت هیــچ دیاردەیەک تا ســەر نییــە و خەڵک لە کاتــی خۆیدا مافی ئەوەیان هەیە هەڵیوەشێننەوە؛ کەوابوو ئەگەر دێموکراســیمان لە دادپەروەری پێ گرینگتر نەبــێ، بە دڵنیاییەوە پێمان لەپێشــترە؛ واتا لــە ڕێگــەی دێموکراســییەوە دەتوانین بە دادپەروەری بگەین، نەک پێچەوانەکەی؛ ئەمە ڕۆحی سۆســیالیزمی ڕاســتەقینە و گەشەی ئاسۆییە.

بەم شــەرحە تێدەگەین کە سۆسیالیزمی دێموکراتیــک، بــۆ دوارۆژی کۆمەڵــگای کوردستان یەکێک لە باشترین سیستەمەکانە، چونکە دژی هەر جۆرە چەوســاندنەوەیەکە؛ بەڵام پێویستە پاش چل ساڵ لە گەڵاڵەکردنی سۆســیالیزمی دێموکراتیــک، چۆنیەتیــی دامەزراندنی تۆزێک هەموار بکرێتەوە. پێویستە لەگەڵ پاراستنی کاکڵەکەی کە بەهێزکردنی دێموکراســی و بەرقەراریــی دادپەروەریــی کۆمەڵایەتییە، هێندێک شتی وەک پشتیوانی لــە بەرنامەی ئابووریــی ناوەندگەرایانەی لێ کەم کەینەوە و هێندێک شتیشــی پێوە زیاد کەین کە ئەو کات لە کوردســتان مەســەلە نەبوون، بۆیە د. قاســملوو باســی نەکردوون؛ بۆ وێنە پرســی ژینگە یان هێندێک شت کە ئێستا پتر لە ڕابردوو زەروورەتیان هەیە وەکوو پرســی ژنان و مافی منداڵان. بە هۆی ئەوەی لــە ســەردەمی گەڵاڵەکردنی کورتەباســدا، کۆمەڵگەیەکــی نەریتیی خــاوەن کەلتووری سیاســیی ئەســتوونیمان لــە کوردســتان هەبووە، هەڵبژاردنی بەرنامەیەکی ئەســتوونی

بـــۆ بونیادنانی سیســـتەمێکی دێموکراتیک و سۆسیالیســـت لە ژێر هێژمۆنیـــی گوتارێکی نوخبەگەرایانە پێویســـت بوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا و بە هۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاری کە لە کوردســـتان، ئێـــران و جیهاندا ڕوویان داوە، کۆمەڵگای کوردستان بەرەو هاوڕێکی و حاڵەتی ئاســـۆیی ڕۆیشتووە کە لە بزوتنەوەی ژینادا خـــۆی نیشـــان دا. هەنووکە، خەریکە کوردستان لە کەلتووری سیاسیی ئەستوونی بـــە تایبەتمەندیگەلێکی وەک گوێڕایەڵبوون و سەرۆکسالاری لە سیاسەت ماڵئاوایی دەکات و بەرەو کەلتوورێکی سیاسیی ئاسۆیی هەنگاو دەنێت؛ هەر بەم پێیە و بە گوێرەی ســـەردەم پێویســـتە حیزب لەگەڵ ئـــەم گۆڕانکارییانە خۆی بگونجێنێ.

ســـەردەمی نووســـینی کورتـــە بـــاس و چەســـپاندنی لە پێـــڕەوی نێوخـــۆی حیزبدا ســـەردەمی زاڵبوونی گوتاری گەشـــە لە دوو شکڵی ســـەرمایەداری و سۆسیالیستیدا بوو؛ دەشزانین کە یەکێک لە بەرنامەکانی حیزب بە تایبەت لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەی پێشکەوتوو و سۆسیالیستی بوو. بەرنامەیەک کە دەوڵەتـــی خودموختار پێویســـت بوو لە پاش بەدەســـتەوە گرتنی دەســـەڵات هەوڵ بۆ دەســـتەبەرکردنی بدات. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژی کۆمەڵگا وەکوو کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی دێموکراتیک، ئێســـتاش بە جێیە. وەئەســـتۆ گرتنی ئەم ئەرکە بە تەواوی لە لایەن دەوڵەتی خودموختار یـــان حیزبی دێموکراتەوە بۆ ئەو کات زۆر گونجاو بوو؛ چونکە ئەو کات حیزب زۆر لە کۆمەڵگا پێشکەوتووتر بوو و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیـــی کۆمەڵـــگای کـــوردەواری تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر سەرەوخوار و ئەستوونی بوو، بەڵام ئێستا کۆمەڵگای کوردستان چۆتە قۆناغی ئاسۆییبوون و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێو بەرەی نوێدا بە شـــێوەی ســـەرەوخوار و کۆڵەکەیـــی نەمـــاوە و بـــەرەو هاوتەرازی ڕۆیشـــتووە؛ پێویســـتە ئەرکی پێشخســـتنی کۆمەڵگا جگە لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان یان بڵێین حیزبی دێموکرات بخرێتە ئەستۆی کۆمەڵانـــی خەڵکیش. لە ســـەردەمی ژیانی سیاسیی د. قاسملوودا پێویست بە حیزبێکی پێشەنگ بوو کە بە دارشتنی بەرنامەی گەشە و پیادەکردنی، کوردستان پێش بخات، ئێستا کە بـــە خۆشـــییەوە کۆمەڵگای کوردســـتان لەڕووی هـــزری و کەلتوورییەوە تا ڕادەیەکی زۆر پێـــش کەوتـــووە، دەبێ لـــە دەورگێڕانی حیزب و دەوڵەتی داهاتووی کوردســـتان کەم بکرێتەوە. هەڵبەت ئەمـــە بە واتای ئەوە نییە ئەرکی پێشخستنی کۆمەڵگا بدرێتە کۆمەڵێک کۆمپانی و سەمایەدار؛ بەڵکوو دەبێ ئەم ئەرکە بدرێ بە کۆمەڵانی خەڵک لە گوند و شارەکان و دەوڵەتیش چاوەدێری بکات. ئەم کارە هەم دێموکراتیکترە و هەمیش پێش لە ساز بوونی دەوڵەتیکی گەورە دەگرێ کە لەوانەیە تووشی گەندەڵـــی بێت یـــان ڕەنگە بە پشـــتیوانیی دەسەڵات و سامانی زۆرەوە، برەو بە سیاسەتی لایەنگرساز کردن (حامی پروری)[٣٢] بدات و دێموکراسی لاواز بکات. چونکە نابێ لەبیرمان بچێ خەبات بۆ دێموکراســـی نابێ بچێتە ژێر باندۆری خەبات بۆ هیچ شـــتێکی تر. کەوابوو ئێســـتا پێویســـتیمان بە حیزبی هاوئاهەنگ هەیە نەک پێشـــەنگ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەگەر توانی دەســـەڵات بە دەســـتەوە بگرێ، وێڕای کۆمەڵانی خەڵک بەرنامەی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پیادە بکات. حیزبی دێموکرات دەبێ پابەندی ئەو ئەسڵە بێت کە داهاتووی کوردســـتان نە دەوڵەتیکی سەرەڕۆ دیاریی دەکات و نە هێـــزی ئابووریی ئازاد و یاغی، بەڵکوو داهاتووی کوردستان لە دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە کە بە کردەی بەکۆمەڵـــی خۆیان دیاریـــی دەکەن. خەباتی ئاسۆیی کە لە درێژەدا زیاتر باسی دەکەین لە ڕێگەی گەشەی ئاسۆییەوە دەرفەتێکی باش

بۆ پەرە پێدانـــی دادپەروەری و بەهێز کردنی دێموکڕاسی دەرەخسێنێ. کۆمەڵگایەک کە لە ئاکامی ئەم خەباتە دروست دەبێت، دەکەوێتە نێـــوان کۆمەڵگایەکی سۆســـیالدێموکڕات و سۆسیالیســـتدێموکڕاتیک. لـــەم کۆمەڵگایەدا دەوڵەت لە کۆمەڵگاگەلی سۆسیالدێموکڕاتیی وەک ســـکاندیناوی گەورەتـــر دەبێت، بەڵام لـــە کۆمەڵگاگەلی سۆسیالیســـتدێموکڕاتیک هێندێک بچووکتر. گەشـــەی ئاسۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی سۆســـیالیزم زیاتر دێموکڕاتیزە و دێموکڕاســـییش پتـــر سۆســـیالیزە بێت. گەورەتریـــن پەیامی خەباتی ئاســـۆیی ئەمە دەبێت کە سۆســـیالیزم و دێموکراسی وەک دوو ئیدەئالتایپ هەمیشـــە بەرەو کامڵتر بوون دەڕۆن و کاتێک باوەڕ بە ئازادی، دێموکڕاسی و سۆســـیالیزم کۆتایی دێت کە مێژوو کۆتایی پێ بێـــت. کەوابوو هەوڵدان بۆ جێگیر کردنی ئـــازادی، دادپـــەروەری، بەرابـــەری، مافـــی دیاریکردنی چارەنووس و دێموکڕاســـی هەر بەردەوام دەبن.

### ٢-٤- مافی دیاریکردنی چارەنووس

د. قاســـملوو لە «کورتەبـــاس»دا لە پەیوەندی لەگەڵ مافی دیاریکردنـــی چارەنووس دەڵێ حیزبـــی دێموکڕات لە کاتـــی پێک هاتنیەوە حیزبێکـــی نەتەوەییـــی پێشـــڕەو بـــووە و هەتا ئێســـتا بەرنامەکەی لەســـەر ئەساســـی چارەســـەر کردنی دوو مەسەلەی «نەتەوەیی» و «کۆمەڵایەتـــی» دانـــراوە. د.قاســـملوو بـــۆ بارودۆخـــی ئـــەوکات خودموختاریـــی پێ لە جۆرەکانی تری مافی دیاریکردنی چارەنووس بە گونجاوتـــر دەزانێ (تاقگـــەی هەقیقەت، ١٩). ئەگـــەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابـــردوو و، بارودۆخی ئێـــران، کوردســـتان و جیهان لـــەو کاتدا لەبەر چـــاو بگرین، لە ڕاســـتیدا پێم وایە د. قاســـملوو خوێندنەوەیەکی دروستی هەبووە؛ چوونکە د. قاســـملوو تێڕوانینی زاتگەرایانەی بۆ هیـــچ دیاردەیەکـــی کۆمەڵایەتـــی نەبوو. ئێمەش بەم ڕوانگەیـــەوە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتـــی بـــە زەمانمەنـــد و مەکانمەند دەزانیـــن؛ کەوابوو ئەگـــەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کات، تێدەگەیـــن کە بە تایبـــەت پێکهاتەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو ســـەردەمەدا بە چەشـــنێک بوو کە داواکاریـــی لەوە زیاتر لە کورد وەرنەدەگیـــرا. لە لایەکی دیکەوە لە کوردستانیش گوتاری خودموختاری زاڵ بوو و زۆرینەی خەڵکەکەمان خودموختارییان بە باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەزانی. بـــەڵام لە پاش ڕووخانی ڕێژیمـــی بەعس لـــە ئێراق و چەســـپاندنی فێدراڵیســـم لەم وڵاتە، پێکهاتـــەی گوتاری خودموختـــاری وردە وردە تێـــک شـــکا و حیزبیش بە ڕەچـــاو کردنی خوێندنەوەیەکی واقیعبینانـــە لـــە کۆنگرەی ســـێزدەدا، ڕێگە چارەی «فیدراڵی»ی بۆ دەستەبەر کردنی مافی نەتەوایەتیی کورد هەڵبژارد. بەڵام ئێســـتا لە ئێراق بە هـــۆی نەبوونی ژێرخانی کەلتووریی گونجـــاو لەگـــەڵ دێموکڕاســـی و زاڵبوونی کەلتوورێکی سیاســـیی داخراو و خێڵەکی و دەســـتوەردانی وڵاتانی دەرەکی، سیســـتەمی فیدراڵی و دێموکراسی بەرەو لاوازی دەڕوات، ئەگەر گوشارەکانی ئەمریکا نەبێ لەوانەیە ئەم سیستەمە هەڵوەشێتەوە.

لە ئێـــران و ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانیش، زۆر کـــەس پێیان وایە گۆڕینی سیســـتەمی سیاســـی دەتوانێ ڕێگا بۆ دەســـتەبەر کردنی مافـــی نەتەوایەتی خـــۆش کات. ئەمە تا ئێرە ڕاســـتە و د. قاســـملووش بە دروستی ئاماژە بـــەوە دەکات و پێـــی وایە دێموکڕاســـی لە ئێـــران دەتوانێ گەرەنتیـــی دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمـــان بـــکات. بـــەڵام، ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەســـتێنی بزووتنەوەی ژینادا پێشـــانی داین کە زۆرینەی خەڵکی ئێران بە تایبەت دوو نەتەوەی فارس و تورک خاوەنی کەلتوورێکی سیاسیی داخراو و ئەستوونین و ئـــەم کەلتوورە ڕێگا نادات ناوەند دێموکڕاتیزە

بکــرێ. ڕەنگــە دێموکڕاتیک بوونـــی ناوەند بتوانـــێ گەرەنتیی مافـــە نەتەوایەتییەکانمان بکات؛ بەڵام ئەشـــێ بزانین ناوەنـــد تەنیا بە دانانـــی سیســـتەمێکی فیدراڵـــی و بە ســـاز کردنی پەرلەمان و فۆرمەکانی دێموکراســـی، دێموکڕاتیـــزە ناکرێ. بـــۆ دێموکڕاتیزەکردنی هەر وڵاتێک جگە لە فۆرمەکانی دێموکڕاسی، پێویستی بە ناوەرۆکێکی دێموکڕاتیکیش هەیە کە ئەویش زاڵبوونی «کەلتوورێکی سیاســـیی دێموکڕاتیـــک» لە نێو کۆمەڵانـــی خەڵکدایە. ســـاز کردنی ئەم کەلتووره لـــە ئێران ئەرکی سەر شانی کورد نییە و پێشـــی ساز ناکرێ. وێناچێ نەتەوەیەک بتوانێ نەتەوەیەکی دیکە دێموکڕاتیزە بکات. دوو توخمی «باستانگەرایی» و «شـــیعەگەرایی» کە جێمـــاوەی کەلتووری سیاســـیی خێڵەکین، پێکهێنەری سەرەکیی کەلتووری سیاسیی زۆرینەی خەڵکی ئێرانن. بۆیـــە ئەم کەلتـــووره فرە کۆنەپەرەســـتانە و داخـــراوە و بووەتـــە گەورەتریـــن لەمپەڕ بۆ جێگیـــر بوونی دێموکڕاســـی لە ئێـــران. لە لایەکـــی دیکەوە پێمان وا نەبێ کە لە ڕێگای هاوپەیوەندی ســـازکردن لەگەڵ نەتەوەکانی تورک و عەرەب و بەلووچ دەتوانین هێژمۆنیی ناوەند تێک بشـــکێنین. ڕەوتـــی ڕووداوەکانی پاش بزووتنەوەی ژینا و شـــانۆی هەڵبژاردنی کۆمـــاری ئیسلامـــی لـــە ورمێ لە زســـتانی ڕابردوودا، ئەو پەیامەمان دەدەنێ کە فارس و تورک ئەگەر دژمان نەبن، زەحمەتە لەگەڵمان بن. لـــە لایەکی دیکەوە عەرەبەکانی ئێرانیش بە هۆی هەســـتی عەرەب بوون و شیعە بوون دژوارە ببنە هاوپەیمانمان.

بەگشـــتی، بزووتنـــەوەی ژینا نیشـــانی دا زاڵێتیـــی گوتاری کۆلۆنیالیســـتیی ئێرانی و هەبوونـــی کەلتـــووری سیاســـیی داخراو و ســـەرەڕۆ ڕێـــگا نـــادات سیســـتەمێکی دێموکڕاتیک و فیدراڵ لـــە ئێران دابمەزرێ؛ ئەگەریش دامەزرێ، بەردەوام بوونی ئەستەمە. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەزموونی تارادەیەکی زۆر شکستخواردووی سیستەمی فیدراڵی لە ئێراق، کاریگەریی لە سەر گوتاری ناسیۆنالیســـتیی کورد لە ڕۆژهەڵات داناوە و هەوڵێـــک لە گۆڕێدایە بۆ ئـــەوەی پێکهاتەی گوتاری «فیدراڵی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان تێک بشـــکێنێ. بـــا ئەوەش زیـــاد کەین کە هەڵەیە ئەگەر دەوڵەتی ناوەندگەرا لە نەتەوەی فارس جیـــا کەینەوە. کۆجێیی و فارس بوون دووانەیەکی لێـــک دانەبـــڕاون؛ کەوابوو ئەم ڕوانگەیەی پێی وایە کێشـــەی کورد لە تاران چارە دەکرێ، ئەگەر هەڵە نەبێت، بە دڵنیایی ناتـــەواوە. چونکە ناوەند خـــۆی گرفتە نەک چارەسەر.

لە لایەکی دیکەوە بەربەستێک کە هەیە ئەمەیە کە بە هۆی ئەم نەزمەی ئێستا بە سەر دنیـــادا زاڵە، بەداخەوە ناتوانیـــن ڕۆڵی ناوەند وەلا بنێین. ئەزموونی ڕێفراندۆمی باشـــووری کوردســـتان و کاتالۆنیا بۆ ســـەربەخۆیی، ئەم ڕاســـتییە تاڵەمان پێ دەڵێن کـــە بەداخەوە ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە ڕێگە نادان نەزمی نێودەوڵەتیی ئێســـتا گۆڕانی بەســـەردا بێت. حیزبێکی بەرپرسیش ناتوانێ ئەم واقعییەتانە نەبینـــێ؛ بۆیـــە دەبێ بیر لـــە ڕێگاچارەیەک بکاتـــەوە کـــە هـــەم ڕای گشـــتیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕازی بکات و هەمیش واقعییەتەکان لەبەر چاو بگرێ.

لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ شـــێوازەکانی مافـــی دیاریکردنـــی چارەنـــووس کە خۆی لـــە شـــکڵەکانی «خودموختـــاری، فیدراڵی، کۆنفیدراڵـــی و ســـەربەخۆیی»دا دەبینێتەوە، پێویســـتە بڵێین ڕێـــگا چـــارەی کۆتایی کە دەتوانێ تـــەواوی مافـــە نەتەوایەتییەکانمان دابین بکات، ســـەربەخۆییە. بەڵام هەر وەک لەســـەرەوە ئاماژەمان پێ دا، ئێســـتا ئەوەمان بـــۆ نالوێ. دەی ئێســـتا کە وەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی فرە دژوار دێتە بەرچاو، ڕەچاو کردنی سیاسەتی سیفر و سەد دروست نییە. باشتر وایە کە بەرە بە بەرە لە کەمەوە بۆ زۆر

هەنگاو هەڵێنینەوە.

لــەم پەیوەندییــەدا ڕوانگــەی «مارتین هایدگێــر[۳۳]» لەمــەڕ تێکنۆلــۆژی دەتوانێ ڕێنوێنیمان بکا بۆ ئــەوەی لەم دووفاقێتی و سەرلێشــێواوییە ڕزگارمان بێت. هایدگێر لە وتاری «پرســیار لە تێکنۆلــۆژی»دا لە نێوان «ئەمــری دروســت»(امر صحیــح) و «ئەمری ڕاســتەقینە»(امر حقیقی)دا جیاوازی دادەنێ و پێی وایە ئەمری دروســت دەپەرژێتە سەر کاری بابەتییانــە، پاژێک لــە پاژەکانی بابەت یــان دیاردەیەک دەبینــێ، مژووڵی لایەنێک دەبێــت لە نێو تــەواوی لایەنەکاندا، کەوابوو ناتوانێ کۆی ڕاســتیی بابەت یان دیاردەیەک وەدەرخا. بەڵام ئەمری هەقیقی پەردە لەسەر تــەواوی ماهییەتی بابەت یــان دیاردەیەک لادەبات، گشتبینە و کۆی ڕاستیی بابەت یان دیاردەیــەک لە خۆ دەگــرێ (هایدگێر، ۱۳۸۶: ۷-۶). پێم وایە دەکرێ ئەم پێناسانە بۆ پرسی مافی نەتەوایەتییش دەکار کەین.

لە پەیوەندی لەگەڵ مافــی دیاریکردنی چارەنووســدا ئــەم ڕوانگەیــەی هایدگێــر فێرمان دەکات کە هەر یەک لە شــکڵەکانی خودموختــاری، فیدراڵــی و کۆنفیدراڵــی لە پەیوەندی لەتەک پرســی مافی نەتەوەییدا بە پێی زەمان و مەکان «بژاردەیەکی دروستن»، بەڵام هیچیــان پەردە لەســەر «هەقیقەتی» پرسی کورد کە وەدەستهێنانی سەربەخۆییە لانادەن. تەنیا شێوازێک کە بەتەواوی دەتوانێ مافــی نەتەوەییی کــورد دەســتەبەر بکات، ســەربەخۆییە، بەڵام چونکە جارێ زەمان و مەکان ئیزنی هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیەمان پێ نــادات، عاقڵانەتــر و واقعبینانەتر ئەوەیە کە جــارێ بۆ ماوەیەکی کاتــی واز لەم بژاردەیە واتا بــژاردەی هەقیقی بێنین و لە نیو بژاردە دروســتەکان کــە یەکێــک لە شــکڵەکانی خودموختــاری، فێدراڵــی و کۆنفێدراڵییــە، یەکیان هەڵبژێرین.

ئێســتا کە ســەردەمی ئاســۆیی بوونە و قۆناغی پێشەنگایەتیی حیزبی سیاسی بەسەر چووە و کات کاتی هاوئاهەنگ بوونە، پێویستە حیزبــی دێموکرات بیرێک بۆ ئەم کێشــەیە بکاتــەوە. ئەگــەر حیزب دەیهــەوێ لەگەڵ خەڵــک هەماهەنــگ بێت، پێویســت ناکات ئێســتا بە تەواوی خۆی یەکلا کاتەوە کە چ بژاردەیەکی بۆ پرسی مافی نەتەوایەتی دەوێ. دەکرێ ئــەم بژاردەیە بێڵێتــەوە بۆ دوارۆژ و بزانێ خەڵکی کــورد دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چیان دەوێ و چەندەیان بۆ دەلوێ. هێز و تواناییی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە سیاســییەکانی کورد، بارودۆخــی نێوخۆییی ئێران و هەلومەرجی نێودەوڵەتی چییان ڕێگە دا، با ئەوە هەڵبژێرن. پێویستە ئێستا بە بێترس بۆ لایەنە ئێرانییەکان و دنیای دەرەوەی ڕوون کاتــەوە کە هیچ حیزبێک تــا هەڵبژاردنێکی ئــازاد نەکراوە وەکیل و دەمڕاســتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نییە و مافی هەڵبژاردنی شکڵەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبێ بهێڵرێتــەوە بۆ کۆمەلانی خەڵک لە داهاتوودا. پێویســتە حیزب بە ڕاشــکاوانە بە نەتەوەی بالادەســت ڕابگەیێنێ کە پێویســتە ڕێز لە ویســتی هەر پێکهاتەیەک بگیرێت و مافی گشتپرســی بۆ هەر نەتەوەیەک بپارێزرێت و ئیزن نەدرێ کە نەتەوەیکی دیکە بە بیانووی زۆرینــە بوون ببێتــە نوێنــەری نەتەوەیکی تــر. پێشــمان وا نەبــێ کە ئەم سیاســەتە دەبێتە هــۆی لێــک دوور کەوتنەوەی هێزە سیاســییەکانی ئێران. نزیک بە هەشتا ساڵە حیزبی دێموکرات تەنیا بۆ جارێک توانیوێتی هاوپەیمانییەتییەکــی ســەرکەوتووی کاتی لە ســەردەمی کۆماری کوردســتاندا لەگەڵ فیرقەی دێموکراتــی ئازەربایجان دامەزرێنێ. ئاخۆ پاش هەشت دەیە ئێمە کە نەمانتوانیوە تەنانەت لە کوردستاندا بەرەیەکی کوردی ساز کەین، گەڕان بە دوای ساز کردنی بەرەیەکی سەراســەریی کاریگەر لە ئاســتی ئێراندا، بە قەولی فارس «تکرار مکررات بی نتیجە و آب

در هاون کوبیدن» نییە.

جگـــە لەمـــە، ئەگەرچـــی هەلومەرجی جوغرافیاییی کوردستان کە لە وشکاییدا گەمارۆ دراوە و دەستی بە ئاوی ئازاد ڕاناگا، لە نێوان چوار دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستدا دابەش کراوە و نەزمی نێودەوڵەتی لە ژێر هێژمۆنیی ئەمریکادا ڕێگای گۆڕینی ســنوورەکان نادەن، ئابووریی کوردستان بە ناوەندەوە وابەستەیە و بۆ یەک سەدە لە پەراوێز خراوە، بۆ حیزبێکی سیاسیی بەرپـــرس و واقیعبین هەڵبژاردنی ڕێگاچارەی ســـەربەخۆیی دژوار دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوانە هیچیان نابنە هۆی ئەوەی دەســـت لەو مافە هەڵگرێ. هەتا کاتێک خەڵکی دنیا دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان بوێ، ئێمەش دەبێ بمانهەوێ و نوســـخە نووسین بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەک هێندێک لایـــەن بە دڵنیایی خوێندنەوەیەکی کرچوکاڵە. بەڵام دەبێ ئەوەشـــمان لە بیر بێ کە دەستەبەر کردنی ئەم مافە، پلان و کاری دەوێ کـــە یەکێک لە ئامرازەکانی گەشـــەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردســـتانە؛ واتا ئەوە گەشـــەیەکی ڕاســـتەقینە و جێگرتوویـــە کە ڕێگای سەربەخۆیی خۆش دەکات نەک تەنیا وروژاندنی هەست و پڕۆپاگەندە وەک ئەوەی لە باشووری کوردستان دیتمان. لە باشووری کوردســـتان بە داخەوە سیســـتەمی سیاسیی نیمچەخێڵەکـــی بـــە تەمای داهاتـــی نەوت نەیتوانیوە کوردســـتان بەرەو گەشـــەیەکی ســـەنعەتی و ئابووریی خۆبەڕێوەبەر و جێگیر ببات و خـــۆی لە ناوەند بێنیـــاز بکات، هەر بۆیە لـــە پەراوێزدا ماوەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەسەڵاتەکانی کەم دەبنەوە.

ئـــەم ئەزموونانە پێشـــانی دەدەن داوای سەربەخۆیی فرە ئاڵۆزە و دەبێ بە دوورکەوتنەوە لە هەست و ئیدئۆلۆژی، نە ڕەتی کەینەوە و نە پێش بچەقێنین کە یان سەربەخۆیی یان هیچ. حیزبێکی سیاسیی بەرپرس و واقیعبین دەبێ ئەوەندە وریا بێ کـــە تەنانەت ئەگەر بە پێی بارودۆخ ناچار بێ بە کەمتر لە ســـەربەخۆیی ڕازی بێت، لە گوتاری خۆیدا گرینگی بە مافی دیاریکردنـــی چارەنووس بدات. نابێ لە ناوەند بترســـێ یان شـــەرم بکات، بەڵکوو دەبێ بە ڕاشکاوانە ڕایبگەیێنێ کە ئەگەر پێکەوەبوونی دڵخوازانـــە بە قازانجی تەواوی خەڵکی ئێرانە، مافـــی دیاریکردنـــی چارەنووســـیش وەکوو مافێکی سرووشتی بۆ هەر نەتەوەیەک وەکوو بژاردەیەک لە بەر دەم نەســـلەکانی داهاتوودا دەمێنیتەوە.

بە گشـــتی، ئەزموونەکانی پێشووی کورد لە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ مافـــی دیاریکردنی چارەنووس و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان کە ناسراوە بە سەردەمی «ئاسۆیی بوون»، چەند ڕاستیمان بۆ دەردەخەن:

١ دەبێ لە نێوان دروســـت بوون و هەقیقی بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا جیاوازی دانێیـــن. هـــەر یەک لـــە بژاردەکانـــی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانن دروست بن، بەڵام تەنیا ســـەربەخۆیی تەواوی هەقیقەتی ئـــەم مافە لە خـــۆ دەگرێ. کەوابـــوو ڕێگای کۆتاییی ڕزگاری، سەربەخۆییە.

٢ ئەمـــە بـــە واتـــای ئـــەوە نییە کـــە یان ســـەربەخۆییمان بوێـــت یان هیـــچ، چونکە واقیعبینانە نییە.

٣ وەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی پرۆسەیە نەک پرۆژە، کەوابوو دەتوانین وردە پێی بگەین.

٤ بەهێزتریـــن ئامـــرازی وەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی، گەشـــە پێدانـــی ئابـــووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووریی کوردستان واتا گەشـــەی ئاســـۆییە، نەک پڕۆپاگەندە و جووڵاندنی هەســـتی نەتەوایەتیـــی خەڵکی کوردستان.

٥ ڕەتکردنەوەی مافی سەربەخۆیی، توانەوەیە لە گوتاری داگیرکەرانی کوردستاندا.

٦ نەزمـــی نێودەوڵەتـــی و گەمارۆدرانـــی کوردستان لە وشکاییدا دوو فاکتەری گرینگن

٧ لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ شـــیکردنەوەی

بابەتەکان و کێشـــەکان لە نێوان «حیزبێکی دەروەســـت» و «ڕۆشنبیرێکی ســـەربەخۆ»دا جیـــاوازی هەیە. ئەگـــەر تێڕوانین و بژاردەی ڕۆشـــنبیری حیزبێکی دەروەست هەڵە بێت، قەیرانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر پێشبینیی ڕۆشنبیرێکی ســـەربەخۆ دروست نەبێت، هیچ ناقەومێت، چونکە بەرپرسیارەتیی خەڵکی لە ئەستۆ نییە. کەوابوو بۆ ڕۆشنبیران و بەرپرســـانی حیزب هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکانی مافـــی دیاریکردنـــی چارەنووس گەلێک دژوارە.

ئەم خاڵانەی ســـەرەوە نیشـــانی دەدەن کـــە هەڵبژاردنـــی یەکێک لە شـــێوازەکانی مافـــی دیاریکردنی چارەنـــووس بۆ حیزبێکی دێموکڕات و دەروەست و نائیدئۆلۆژیکی وەک حدکا چەندە هەســـتیار و قورسە. بژاردەیەک دەتوانـــێ شـــیاو بێـــت کـــە دێموکڕاتیک و بەرپرسیارانە بێت. لەوانەیە گونجاوترین بژاردە بۆ سەردەمی ئاسۆیی بوون ئەوە بێت کە دەبێ مافی دیاریکردنی چارەنـــووس بهێڵرێتەوە بۆ زەمانێک کە خەڵکی کورد لە ڕاپرســـییەکی ئازاد و بێخەوشدا، بۆخۆیان جۆرەکەی دیاری بکەن؛ چونکـــە دیاریکردنی شـــێوازی مافی نەتەوایەتیی پێشـــوەخت لە لایـــەن حیزبی سیاسییەوە، هی سەردەمی زاڵبوونی گوتاری ئەســـتوونی بوو و لەگەڵ باردۆخی ئیســـتای کوردســـتان کە ســـەردەمی ئاســـۆیی بوونە ناگونجێ. کەوابوو پێداگری لەسەر بژاردەیەکی دیاریکراو لە ئێستاوە پێویست نییە.

### ٣-٤- گەشـــەی هەمەلایەنـــە: گەشـــەی کۆمەڵایەتی، سیاســـی، کەلتووری و سەوز بە جێی گەشەی ئابووریتەوەر

دیارە یەکێک ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕات پێشخستنی کۆمەڵگا وەکوو حیزبێکی پێشەنگ بووە. چ لە ســـەردەمی کۆماری کوردســـتان و چ لـــە پـــاش شۆڕشـــی ١٣٥٧، حیزب لە ڕاســـتای ئەم ئامانجـــەدا کۆمەڵێک هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. زۆربەی ئەم هەنگاوانەی حیزب لەم بوارەدا هەڵیهێناونەتەوە، باری کۆمەڵایەتی و کەلتوورییـــان قورســـتر بووە هەتـــا باری ئابوورییەکەیـــان. ئەمەش لەگەڵ قوتابخانەی پاشگەشـــە ســـازگاریی زیاتری هەیـــە هەتا گەشەی سەر بە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن. چونکە لە گەشەی ســـەر بە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆندا، گۆڕانکاری لە ئابووریدا پێوەرە و ڕەهەندەکانی دیکەی گەشـــە وەکوو گەشەی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسی وەپشت گوێ خراون.

ئەزموونی گەشـــە لە زۆربـــەی وڵاتان بە تایبـــەت لە وڵاتانێکـــی وەک ئێران و تورکیە لە پاش ساز بوونی دەوڵەتی مۆدێرن پێشانی داوە کە گوتاری گەشـــە ئامرازی ساز کردنی باڵادەستی و ژێردەستی بووە. ئەم باڵادەستانە هەمیشـــە بریتی بـــوون لە نەتـــەوەی زاڵ و کۆمەڵێک ئێلیتی سەر بە نەتەوەی باڵادەست بە تـــەواوی هێـــزەوە هەوڵیـــان داوە نەتەوە بندەســـتەکان لە پەراوێزی گەشەدا بهێڵنەوە و خۆیان لە هەر چەشـــنە دابەشـــکارییەکی عادڵانەی دەسەڵات و سامانی وڵات بواردووە و ئەرکـــی ســـەرەکیی بەرنامـــە و پلانەکانی گەشـــە لەم وڵاتانەدا ســـڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و کەلتوورییـــەکان بووە. بۆ نموونە لە ئێـــران، لە ســـەردەمی پەهلەوییەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەرکی ســـەرەکیی بەرنامەکانی گەشە (برنامەهای توســـعە)، بە ئێرانی/فارس کردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی باڵادەست بووە و لە بەرژەوەندیی نەتەوە نافارسەکان چاوپۆشی کـــراوە. ئەزموونی بەرنامە و پلانی گەشـــە لە ئێران و تورکیا هەر لە ســـەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ پێشانمان دەدەن کە چەمکی گەشە لەم وڵاتانە هەمیشە پشـــتقایم بە هێز و دەسەڵات بووە. ئەم گەشەیە بووەتە هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی بەهاگەلـــی نادێموکڕاتیـــک و ســـەرەڕۆیانە و گەشـــەیەکی هەمەلایەنە و دێموکڕاتیکی لـــێ نەکەوتۆتەوە. بەڵکوو بۆتـــە هۆکارێک بۆ ســـاز بوونی دیکتاتۆری و سڕینەوەی نەتەوە

بندەستەکان. هەر بۆیە دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ گەشە هەبێ.

هەر وەک لەسەرەوەدا لە بەشی«گەشەی ئاسۆیی»دا باسمان کرد، ئێمە گەشەیەکمان گەرەکە کە بناغەکەی لەسەر گەشەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی ڕۆ نرابێ. گەشەیەکمان پێویستە کە جگە لە گۆڕینی باری ژیانی ماددیی مرۆڤ وەکوو پێشخستنی سیستەمی تەندروستی، دابینکردنی خوێندنی بەخۆڕایی، دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەکوو خۆراک، پۆشاک و خانووبەرە، ڕێگا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادییە دێموکڕاتیکەکان و بڕەودان بە بەها مرۆییەکانیش خۆش بکات؛ ئاستی پێکەوە ژیان و ڕێز گرتن لە یەکتر بەرز کاتەوە و بە فرەوان کردنەوەی بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگا، یەکێتیی کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدات. هەروەها، پێویستە بۆ هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی سەنعەتی و ئابووری، مەترسییەکانی سەر ژینگەش لە بەرچاو بگرێ. جگە لەمە دەبێ لەو ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەت لە زۆربەی وڵاتانی گەشەنەسەندوو بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا وەکوو ئامرازی خۆ سەپاندن بە سەر کۆمەڵگادا کەڵکی لێ وەرگرتووە، خۆ ببوێرێ. بەدەر لە هەمووی ئەم بابەتانە، ئەشێ بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا، گرینگی بدرێ بۆ بیروڕای خودی خەڵک لە گوند و شارەکان، وەکوو شووراکان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و یەکێتییە پیشەییەکان و ئەوان لە دارشتن و بەڕێوە بردنی بەرنامەی گەشەدا بەشدار بن. کەوابوو دەبێ لە گەشەیەکی خۆبەزلزانانە، بژاردەگەرایانە و ناوەندگەرایانە، سەرەوخوار و تەواو دەوڵەتییانە خۆمان بە دوور بگرین.

هەروەها پێویستە وریا بین کە نەکەوینە باوەشی ئەو بەرنامە نیئۆلیبراڵییانەی ئامانجیان پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی دەسڕۆیشتوو و باڵادەست و بڕەو دان بە مەسرەفگەرایی لەرادەبەدەرە. بە کورتی پێویستمان بە گەشەیەک هەیە کە سازگاریی لەگەڵ ژینگەی کوردستان و بیروڕای گشتیی خەڵک هەبێ. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ژینا کە خەسڵەتی بانچینایەتی و ئاسۆییی هەبوو، دەبێ ببێتە هەوێنی ئەم جۆرە پێشکەوتنە. هەڵبەت ئەم جۆرە پێشکەوتنە دەبێ قورساییی کاری خۆی بخاتە سەر چین و توێژە لاواز و بێبەشەکانی کۆمەڵگا وەکوو هەژاران، ژنان، منداڵان و پەراوێزخراوان بۆ ئەوەی لە پەراوێز و هەڵاواردن دەریان بێنێ. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەم گەشەیە بریتییە لە «گەشەی ئاسۆیی» کە لەگەڵ سەردەمی ئێستای کوردستان تەبایە؛ چونکە فرەڕەهەندە، ناهیرارشیکە و لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا سازگارە.

لەم گەشەیەدا هەر وەکوو ئێسکووبار دەڵێ، دەبێ کەلتوور و زانستی کۆمەڵانی خەڵک لەبەرچاو بگیرێ و بەرژەوەندیی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان وەپشت گوێ نەخرێ. ئەم گەشەیە نابێ تەنیا لە سەرەوە و لە سەر دەستی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان، بەڵکوو دەبێ لە لایەن ئەنجومەن و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان لە شار و دێهات کە خۆیان باشتر کێشەکانی خۆیان دەناسن، گەڵاڵە بکرێ و بەڕێوە ببرێ. ئەم گەشەیە واتا «گەشەی ئاسۆیی»، دەیهەوێ بەسەر پێکهاتەی هیرارشیک و ناعادڵانەی گەشەی ئێلیتگەرایانە و ناوەندگەرایانەدا زاڵ بێت و لە ڕێگای بەشداری پێکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا وەدەست بێت. کاری ئەسڵیی گەشەی ئاسۆیی، سڕینەوەی ناوەندێتی لە دەسەڵات (دەوڵەت/حیزب) و قووڵکردنەوەی دێموکراسی دەبێت و «بەشداریی سیاسی» و «ئازادی» و «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» دەبێتە بەردی بناغەی بەرنامەکانی کە هەم لەگەڵ بنەماکانی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک و هەم لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێستای

کوردستان تەبایە. گەشەی ئاسۆیی ئەگەرچی فرەڕەهەندە و دەیهەوێ کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی «ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری»دا ویڕای پاراستنی ژینگە بەرەو پێش ببات، بەڵام لە هەموو بەشەکان پتر گرینگی بە «کەلتوور» دەدات و دەیهەوێ بە پەرە پێدانی بەهاگەلی ئینسانی و دێموکراتیک، شارۆمەندان بەرەو پێشکەوتن هان بدات، نەک بە زۆرەملێ و سیاسەتی سەرەڕۆیانە.

**۴-۴-بەڕێوەبەرایەتیی ئاسۆیی**

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، لە پاش بزووتنەوەی ژینا ڕوون بوویەوە کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە و کەلتووری سیاسیی خەڵکی کورد بەرەو جۆرێک لە کەلتووری سیاسی ڕۆیشتووە کە ناوی «کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی»مان لێ نا. لەم کەلتوورەدا بناغەکانی دەسەڵاتی ئەستوونی(اقتدار عمودی) و پەیوەندییە کۆنەکان کە پیاوانە، خێڵەکی، فەرماندەرانە و شێوەی سەرەوخواریان هەبوو، فرە لاواز بوون و خەریکە جۆرێک پەیوەندیی ئاسۆیی و هاوتەراز لە کۆمەڵگادا شکڵ دەگرێ. لەم پەیوەندییە نوێیەدا، خەباتی ژنان، گەنجان، هەژاران و بەشخوراوانی کۆمەڵگا بۆ بەرابەری و یەکسانی زەق بووەتەوە. لە ڕووی سیاسییشەوە گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا هاتووە و بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کەلتووری خێڵەکی بە تەواوی لە گۆڕ نراوە و دیاردەگەلێکی وەک سەرۆکسالاری و پەیوەندیگەلی دامەزراو لەسەر خزمایەتی لە ڕێکخراوی سیاسیدا باویان نەماوە. پێویستە وەکوو وەفایەک ئاماژە بەوە بکەین کە د. قاسملوو داهێنەری ئەم کەلتوورە بوو و لە سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا زۆری هەوڵ بۆ پەرە پێدان و جێگیر کردنی ئەم کەلتوورە داوە. ئەم باسە بۆ ئەوەیە کە بڵێم ئێستاکە پێویستە حیزبی دێموکرات فۆرم و شێوازی بەڕێوەبەرایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم کەلتوورە ڕێک بخات و گۆڕانێک بە سەر سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی خۆیدا بێنێت کە لەسەر ئەساسی سانترالیزمی دێموکراتیک دامەزراوە و بەرەو «بەڕێوەبەرایەتییەکی ئاسۆیی» (مدیریت افقی) و ناسانتراڵ هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ سەردەم خۆی بگونجێنێ. لەم سیستەمە بەڕێوەبەرایەتییەدا دەبێت چەند خاڵ لە بەر چاو بگیرێ:

- دەبێ مکانیزمێک ساز کرێ بۆ ئەوەی لانیکەم ۴۰-۳۰ لە سەدی ژنان لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبدا بەشدار بن. هەبوونی ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی ژینادا ئەم پێویستییەی ساز کردووە. ئیتر ئەم پاساوە کۆنەی «دەبێ ژنان خۆیان بێنە پێشێ» کاتی بەسەر چووە.
- ئەگەر حیزب بیهەوێ لەگەڵ سەردەمی ئاسۆیی بوون و بزووتنەوەی ژینا خۆی ڕێک بخات، هەبوونی ژنێک ئەگەریش لە پۆستی یەکەمدا نەبێ، لانیکەم لە پۆستی دووهەمدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەبێ وەپشت گوێ نەخرێ.
- دەبێ یاسای خانەنشینی وەک هەموو ئۆرگانێکی زیندووی دنیا لە حیزبدا پیادە بکرێ، بۆ ئەوەی دەرگا بەرەو ڕووی گەنجان و خاوەن بەهرەکان کراوەتر بێ و لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبدا بەشداریی زیاتر بکەن.
- بۆ قووڵبوونەوەی دێموکراسی لە حیزبدا، دەبێ کەسانێک لە نێو نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرە دیاری کرێن بۆ ئەوەی پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب (کۆمیتەی ناوەندی/دەفتەری سیاسی)، پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی هەبێ بۆ ئەوەی دەنگی ڕۆژانە و ڕاوبۆچوونی ئەندامانی حیزب تا کۆنگرەی داهاتوو بە گوێی

بەڕێوەبەرایەتیی حیزب بگەیێنن. ئەمە دەبێتە هۆی بەشداریی بەردەوامی بەدەنەی حیزب لە کاروباری ئیداریی حیزبدا. واتا دەبێ هەمیشە فیدبەکێک هەبێ لە نیوان ئەندامانی حیزب و بەڕێوەبەراندا و نابێ لە پاش کۆتاییی کۆنگرە، ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی بە دڵی خۆیان و بەبێ گوێ دان بە بەدەنەی حیزب کاروباری حیزب ڕاپەڕێنن.

• هەر وەک دەزانین حیزبی دێموکرات وەک کێوێکی سەهۆڵ (Iceberg) وایە کە زۆرینە و بەشە ئەسڵییەکەی لە نێوخۆی کوردستان دەژی؛ بۆ لەبەر چاو گرتنی ویست و داخوازیی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆ، پێویستە کەسانێک وەکوو ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرانی حیزب لە نێوخۆی کوردستانەوە هەڵبژێردرێن. لە سەردەمی ئینتێرنێتدا، مەسێنجێرەکانی وەکوو واتساپ و سیگناڵ دەتوانن ئەم دەرفەتە بۆ حیزب و خەڵک پێک بێنن.

• دەورەکانی بەرپرسیارەتیی کەسی یەکەم پێویستە بۆ چەند دەورە کەم بکرێتەوە و بەرپرسیارەتیی هەتاهەتایی بە قازانجی حیزب و بەرپرسەکانیش نییە.

• بەڕێوەبەرایەتیی حیزب دەبێ ڕەنگدانەوەی گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و گرینگییەکی تایبەت بە باشووری ڕۆژهەڵات واتا کرماشان و ئیلام بدرێ. بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە هێما نەتەوەییەکانی وەک جامانە و جلی خاکی لە مانگی ڕەمەزاند و لە نێو کوردانی شیعەدا خاڵێکی وەچەرخانە کە دەبێ لە بەڕێوەبەرایەتی و خەباتی حیزبدا ڕەنگ بداتەوە.

## ٥-۴ دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ (دموکراسی افقی رادیکال)[۳۴]

چ لە ئاستی ئێران و چ لە کوردستان و هەروەها لە نێوخۆی حیزبیشدا، ئەسڵی دێموکراسی لەسەر بنەمای زۆرینە - کەمینە کاتی بەسەر چووە؛ چونکە لە کۆتاییدا دیکتاتۆریی زۆرینەی لێ دەکەوێتەوە. لە سەردەمی پاش بزووتنەوەی ژینا کە سەردەمی پاش‌گەشەیە، دێموکراسیی ڕادیکاڵ هەم لەگەڵ سەردەم سازگارترە و هەمیش دێموکراسی لەنێو کۆمەڵ و حیزبدا قووڵ دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕێ لە گوتارگەلی گشتگیر و ڕەگەزپەرەستانەی وەک سەڵتەنەتخوازەکان دەگرێ کە بە تەمان لەسەر بنەمای مافی شارۆمەندی، جیاوازییە نەتەوەیییەکان بسڕنەوە و بە سەپاندنی ڕای زۆرینە بەسەر کەمینەدا، دیسان ئێرانێکی یەکڕەنگ و یەکدەنگ و ناوەندگەرا ساز کەنەوە. لە لایەکی دیکەوە قووڵ کردنەوەی دێموکراسی دەتوانێ ڕێگری لەوە بکا بە قەولی چارلز ڕایت مێلز[۳۵]، هەڵبژاردن تەنیا ببێتە ئامرازێک بۆ گەیشتنی بژاردەکان (نخبگان) بە لووتکەی دەسەڵات و دەستڕاگەیشتنیان بە سەرووەت و سامانی وڵات و خەڵک سەریان بێ کڵاو بمێنێتەوە (میلز، ۱۳۸۹: ۴۳). مێلز پێی وایە بژاردەکانی دەسەڵات تۆڕێکی لێک گرێدراو پێک دێنن کە بە هۆی حەز و خولیا و بەرژەوەندیی هاوبەش بە شێوەیەکی بەهێز یەک دەگرن و بە هۆی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەریان، زۆر گوێ نادەنە ویست و داخوازەکانی خەڵک (سیدمن، ۱۳۹۵: ۱۳۹). لە ئاوا دۆخێکدا کەمایەتییەکی فرە بەهێز لە دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی زۆرینەی کۆمەڵگا و کۆمەڵانی خەڵک دەبنەوە و بە بێ گوێدان بە ویستی ئەوان سیاسەت بەڕێوە دەبەن. دیاردەیەک کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دەبینرێ و بە جێی دێموکراسیی ڕاستەقینە، وەهمێک لە دێموکراسی دروست دەکات، وەک ئەم حاڵەتەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە؛ ئەمەش هەم گەندەڵیی سیستەماتیکی لێ دەکەوێتەوە و هەمیش خەڵک لەمەڕ دێموکراسی و هەڵبژاردن دڕدۆنگ دەکات؛

چونکــە دەبینــن دێموکراســی و نیشــانە ســەرەکییەکانی وەک پارلەمان و هەڵبژاردن، نابنە هۆی ئەوەی دەســەڵات گوێ بداتە ڕای خەڵک و هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیانی ئەواندا پێک بێنێ، بۆیە بۆ بەشــداری لە سیاســەت دردۆنــگ دەبن. ڕێگەچارەی ئەم خەســارە، دامەزراندنــی دێموکراســیی ڕادیکاڵە. بەڵام پێویســتە ئەم جۆرە دیموکراسییەش تۆزێک هەمــوار بکرێتەوە بە چەشــنێک کە لەگەڵ کۆمەڵگاگەلــی فرەنەتــەوە بگونجێ؛ ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئەسڵەی دێموکراسیی ڕادیکاڵی ئێرنێســتۆ لاکلائۆ[٣٦] و چانتاڵ مووف[٣٧] کە بــە خوێندنەوەیەکــی ڕۆژاواتەوەرانە، گرووپە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان بە مەترسی بۆ سەر دێموکراسی دەزانن، ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە بە گونجاندنی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران و کوردســتان، هەبوونــی نەتەوەگەلی جۆراوجۆر، نەک مەترســی بەڵکــوو دەرفەتە بۆ قووڵ کردنەوەی زیاتری دێموکراســی. بە هۆی ئەم هەموار کردنەوە بچووکە، ئاوەڵناوی «ئاســۆیی»ی لــێ زیاد دەکەیــن و ناوی لێ دەنێین.«دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ».

دێموکراســیی ڕادیکاڵی لاکلائۆ و مووف، ئــەو هێزەی تێدایــە کە کەمایەســییەکانی دێموکراســیی لیبراڵیی پێ سارێژ کرێتەوە و ببێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاســتی بەشدارییی خەڵک لە سیاسەت و کۆمەڵگادا. ئەوان پێیان وایە کە پێناســەی بەرتەســک لــە چەمکی «شــارۆمەندی» و دابەشکاری لە نێوان ئەمری «نۆرماڵ/غەیرەنۆرمــاڵ» دەبێتــە هۆی دوور خســتنەوە و سڕینەوەی کۆمەڵێک ناسنامە و هۆوییــەت کە لە کۆمەڵگادا بــە «ناهەنجار و ناباو» پێناسە کراون. بۆنموونە، ناوەندگەراکان بە خوێندنەوەیەکی کلاسیک لە دێمۆکراسیی لیبراڵ لە ئێران، هەوڵ دەدەن شوناسی غەیرە فارسەکان وەکوو «نەتەوە» بە ئەمرێکی ناهەنجار لە قەڵەم بــدەن و لە ژێر ئەم خوێندنەوەیەدا سیاســەتێک پەیرەو دەکەن بــۆ ئەوەی ئەم جیاوازییانە بسڕنەوە؛ بۆیە فێدرالیسم وەکوو مەترسی بۆ ســەر یەکپارچەییی خاکی ئێران دادەنێن.

دێموکراســیی ڕادیکاڵی لاکلائۆ و مووف، باشــترین مکانیزمە بــۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم جۆرە گوتار و سیاســەتانە. دێموکراسیی ڕادیــکاڵ بــە هۆی ئــەوەی سۆســیالیزم و دێموکراســی پێکەوە گــرێ دەدات، دەتوانێ لەگــەڵ ئامانجــی دوارۆژی حیــزب واتــا سۆســیالیزمی دێموکراتیک تەباییی هەبێت. لە دێموکراسیی ڕادیکاڵدا، ئیتر چین (طبقه)، توخمی زاڵ بۆ ڕزگاریی مرۆڤ نییە؛ گۆڕەپانی سیاســی بریتییە لــە ململانێــی کۆمەڵێک شوناســی جیاواز کە بەردەوام لە کێبڕکێدان. دەوترێ کە ئێستاکە، چەپ هیچ بژاردەیەکی لە بەر دەســتدا نییە جگــە لەوەی هیوای بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بێ و دان بەوەدا بنێ کە بۆ ڕزگاری، چەندین ستراتێژی لەبەر دەســتە نەک تەنیا ستراتێژیی چینی کرێکار. کەوابوو سۆســیالیزمیزیش خۆی یەکێکە لە بژاردەکانی ڕزگاریی مرۆڤ. ئەوانە تا ڕادەیەکی زۆر هەماهەنگییــان لەگــەڵ سۆســیالیزمی دێموکراتیکی د.قاســملوو هەیــە و دەتوانین کەڵکیان لێ وەرگرین.

دێموکراســیی ڕادیکاڵ لە ســەر بنەمای «ناسنامەگەلی ناجێگیر(هویتهای سیال)» بیچم دەگرێ. لە دێموکراســیی ڕادیکاڵدا، ململانێ لە حاڵەتــی ئەنتاگۆنیــزم[٣٨] (دوژمنایەتی) و ســڕینەوە (حذف) دێتە دەرێ و دەگۆڕدرێ بــۆ حاڵەتی ئاگۆنیزم[٣٩] (کێبڕکێ) و بە جێی سڕینەوە، لەپەراوێزخســتن و دوورخستنەوە ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتــی، دەبێتە بنەمای ململانێ. لاکلائۆ و مووف، بە جێی سیاسەت لــە «ئەمری سیاســی» دەدوێن. مەبەســتی ئــەوان لــە ئەمــری سیاســی ئەوەیــە کە سیاســەت پانتاییەکی بەرینتری لە حەوزەی دوڵــەت، کۆمەڵگەی مەدەنــی و پەیوەندیی هاووڵاتییــان لەگەڵ دەوڵــەت هەیە و کۆی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێ، کەوابوو گۆڕەپانی سیاسەت زۆر فرەوانتر و ڕەنگاوڕەنگترە و تەژی لە جیاوازییەکان، دژایەتییەکان و ململانێکانە (باباخانی تیموری و دیگران، ۱۴۰۱: ۶۳). بە پێچەوانەی مۆدێلی پلۆرالیستیی «ڕۆبێرت داڵ[۴۰]»، کە پێی وایە دەتوانرێ لە ململانێی گرووپە دژبەرەکان و بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی ئەوان کۆدەنگی و یەکێتی ساز بکرێ؛ بەڕای لاکلائۆ و مووف، ئەنتاگۆنیزم (دوژمنایەتی) هەمیشە لەگۆڕێدایە و بەشی دانەبڕاوی ئەمری سیاسییە. چونکە دژایەتی و ململانێ هیچ کات تەواو نابن، گرینگ ئەوەیە کە بکرێن بە ئاگۆنیزم واتا کێبڕکێ؛ ئەوەش لە «دێموکراسیی ڕادیکاڵ»دا دەستەبەر دەبێ و لیبراڵیسم و سۆسیالیسم ئەم دەرفەتەیان تێدا نییە.

لە دێموکراسیی ڕادیکاڵدا، لایەنە دژبەرەکان پەیوەندیی هاوبەشیان هەیە و «دوژمن» دەبێ بە «دژبەر» و هیچ پێویست ناکا کە لەنێو بچێت. بە وتەیەکیتر، لایەنەکان بە شێوەیەکی دۆستانە دوژمنی یەکترن؛ چونکە هەموویان لە فەزایەکی سەمبولیکی هاوبەش کەڵک وەردەگرن. ئەوان لەوانەیە لە سەر هێندێک شت بۆ ماوەیەکی کاتی ڕێک کەون، بەڵام هەمیشە لەسەر شیکردنەوەکان (تفاسیر)، جیاوازیی ڕا و بۆچوونیان هەیە. لەم دێموکراسییەدا، دوژمنایەتی کەوی دەکرێ، گرووپە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەوەی سوور دەبن لەسەر باوەڕی خۆیان، ڕەوایی دژبەرەکانیان بە ڕەسمی دەناسن. ئەمە بە واتای گۆڕینی ئەنتاگۆنیزمە بۆ ئاگۆنیزم. لیبراڵیسم و سۆسیالیزم هیچیان ئەم برشتەیان نییە، بەڵام سۆسیالیزمی دێموکراتیک ئەم دەرفەتەی تێدایە، چونکە نە وەک سۆسیالیزمی مەوجوود بۆ یەکرەنگ و یەکدەنگ کردنی کۆمەڵگا هەوڵ دەدات و نە وەک لیبراڵیزم بە بەرجەستە کردنەوەی ئازادیی لەڕادەبەدەری تاک بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، کۆمەڵایەتیبوونی مرۆ دەخاتە مەترسییەوە. مووف پێی وایە دێموکراسیی ڕادیکاڵ، تاکگەراییی بەرژەوەندیخوازانەی لیبراڵیسم و تۆتالیتاریسمی سۆسیالیزم ڕەت دەکاتەوە و بە شوێن قووڵکردنەوەی (بەهێز کردنی) دێموکراسی و بەفەرمیناسینی ئەم ئازادییە مەدەنییانەوەیە کە لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەخرێنە ڕوو هەتا بتوانێ تاکگەرایی لیبراڵ لە کۆگەرایی دێموکراتیک گرێ بدات (مووف، ۱۳۹۳: ۳۸). ئەمە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەیە و دەتوانین کەڵکی لێ وەرگرین.

مووف، لیبراڵیسم بە تاوانی ئاوەزمەندیی لە ڕادەبەدەر، یونیڤێرسالیزم، ڕوانگەی تەکجەمسەری و تاکگەرایی بەرژەوەندیخوازانە دەخاتە بەر ڕەخنە و پێی وایە بۆ بەهێزبوونی دێموکراسی، پێویستە لەمانە تێپەڕ بین (باباخانی تیموری و دیگران، ۱۴۰۱: ۶۹-۶۷). بیرۆکەی ساز کردنی خاڵێکی هاوبەشی دێموکراتیک و ڕێکخستنی کۆمەڵێکی هەماهەنگ و یەکدەنگ و یەکرەنگ لە ڕوانگەی لاکلائۆ و مووفەوە خەون و خەیاڵە. ئەزموونی تەواوی پارچەکانی کوردستان چ لە نێوخۆ و چ لە پەیوەندی لەگەڵ ناوەند و بە تایبەت ئەزموونی هەشتا ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ سازکردنی بەرەیەکی کوردستانی یان سەراسەری لە ئێراندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هیچ کۆدەنگی و سازانێک پێویست نییە، بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە تەوای سازانەکان کاتین و بەردەوام گرووپەکان دەیانهەوێ لە ڕێگای دووبارە پێناسە کردنەوەی نیشانەکانەوە، هێژمۆنیی خۆیان بسەپێنن (مووف، ۱۳۹۳: ۲۴) ئەمە بە واتای قووڵ کردنەوەی دێموکراسی و دەست هەڵگرتنە لە خوێندنەوەیەکی جەوهەری و زاتگەرایانە. لە بزووتنەوەی ژینادا ئەم ململانێیەمان لە نێوان گوتاری

حیزبی دێموکرات لەگــەڵ ناوەندگەراکان و لە نەورۆزی مەشــخەڵانی ڕزگاریدا لە نێوان حیــزب و کۆمەڵــەدا بــە شــێوەکی عەینی دیت. لە هەر دووک ململانێکەدا لە ئاســتی ڕۆژهەلاتــی کوردســتان، حیــزب توانی بە شــێوەی دێموکراتیــک گوتــاری خۆی زاڵ کات. بــە تایبەت لە نەورۆزی مەشــخەڵاندا دیتمــان کە حیزبــی دێموکــرات توانی لە ســەر ســەمبولەکانی خــۆی وەک جامانە و جلی خاکــی و دەی خاکەلێوە لە کۆمەڵگای کوردستان کۆدەنگی ساز کات، بە بێ ئەوەی نادێموکراتیــک بجووڵێتــەوە. کەوایــە ئەمە واقعییەتی ســەردەمی پاشگەشــەیە و دەبێ قەبووڵــی کەین، چونکە هیــچ چارەیەکمان نییە. زیاترین قازانجی ئەم جۆرە دێموکراسییە ئەوەیــە کە فــرە پلۆراڵە و هیــچ ناوەندێکی هەتاهەتایی بۆ هیچ هێز و دەسەڵاتێک دیاری نــاکات؛ بۆیە دەتوانێ پاوانخوازی لە ناو ببات. ئەم ناوەندسڕینەوەیە(تمرکززدایی) لە ئاستی ئێراندا بە قازانجمانە، چونکە دژی خۆسەپاندن و خڕکردنەوەی دەســەڵاتە لە یەک ناوەند و یەک شوێنی تایبەت بۆ هەمیشە.

چانتــاڵ مــووف، بەرابەری، ئــازادی و پلۆرالیســم وەکــوو ڕۆحــی دێموکراســیی مۆدێــڕن پێناســە دەکات کــە بەتــەواوی لەگەڵ سۆســیالیزمی دێموکراتیک سازگارە. خودی مووف، دێموکراســیی ڕادیکاڵ وەکوو ڕادیکالیزاســیۆنی سۆســیاڵ دێموکراســی دەبینــێ کە توانــای ئەوەی هەیــە پەرە بە دادپــەروەری و ئازادی بدات. دێموکراســیی ڕادیــکاڵ هــەوڵ دەدا پــەرە بــە ئازادییــە مەدەنییەکانی ڕۆژاوا لە بەســتێنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانــدا بــدات. ڕەخنەیەک کە دێموکراسیی ڕادیکاڵ لە لیبرالیسمی دەگرێ ئەوەیــە کە هەوڵ دەدات بە خوێندنەوەیەکی گشــتگیر لە چەمکی «شارۆمەندی»، کۆمەڵگا یەکدەست و یەکڕەنگ بکات و جیاوازییەکان لە ژێر پەردەی چەمکی مافی شــارۆمەندیدا بشارێتەوە. ناوەندگەراکانیش لەم جۆرە مافی شــارۆمەندییە کەڵک وەردەگــرن بۆ ئەوەی نەتەوەی باڵادەســت بۆ هەتاهەتایە سوڵتەی خــۆی بســەپێنێت. بــەڵام دێموکراســیی ڕادیکاڵ دژی ســاز کردنی ئەم «شارۆمەندییە تەک کەلتــووری» (شــهروندی تکفرهنگی) و تەکڕەهەندییــە دەوەســتێتەوە و دان بــە جیاوازییە کەلتوورییەکان لە ئاستێکی یەکجار بــەرزدا دەنێت و بە جێی ئەوەی هەوڵ بدات هەمــووان وەک یەک لێ بکات، ڕێگە دەدات هەر کەس وەک خۆی بمێنیتەوە.

کێشەیەک کە بیرۆکەی لاکلائۆ و مووف لــە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت و وڵاتێکی وەک ئێران تووشی دەبێ ئەوەیە کە بە هەڵبژاردنی ڕوانگەیەکی ئورووپاتەوەرانە، جگە لە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، دان پێدانان بە گشت جیاوازییەکانیتــر بــە قازانجی دێموکراســی دەزانن. بەڕای من هەر جیاوازییەک تا کاتێک دژایەتیی لەگەڵ پرەنســیپە دێموکراتیکەکان نەبێت، لەگەڵ ڕۆحی دێموکراســی سازگارە. بــۆ نموونە لــە وڵاتێکی وەک ئێــران دانان بە مافی نەتــەوە نافارســەکان دەبێتە هۆی پتەو بوونی دێموکراســی نەک لاواز بوونی و ئەزقەزا حاشــاکردن لەم جیاوازییانەیە کە بۆ ماوەی سەد ساڵە نەیهێشــتووە دێموکراسی لە ئێران شــکڵ بگرێ. بۆیە پێویســتیمان بە ســازگار کردنی دێموکراسیی ڕادیکاڵ لەگەڵ وڵاتانــی نارۆژاواییش هەیە، ئەویش لە ڕێگای بەفەرمی ناســینی مافی نەتەوایەتیی نەتەوە بەشــخوراوەکانەوە ســەر دەگرێ. ئەمەش لە ڕێگای «دێموکراسیی ئاســۆییی ڕادیکاڵەوە» جێبەجــێ دەبێــت، چونکە ڕێز لــە تەواوی جیاوازییــەکان بــە نەتەوەیــی و ئایینییەوە دەگرێ بە مەرجێک ئەم ڕێز لێ گرتنە نەبێتە هۆی لاواز بوونی دیموکراســی. ئەگەر لاکلائۆ و مووف پێیان وایە لــە ئورووپا ڕێز گرتن لە مافی ترانسێکشواڵەکان[٤١] دێموکراسی بەهێز دەکات، بۆچی ڕێز گرتن لە مافی نەتەوەکان،

لاوازی دەکات؟ ئەمە پارادۆکسێکە کە لەم بیرۆکەیەدا هەیە و پێویستە هەموار بکرێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵگاگەلی فرەنەتەوە بگونجێنرێ، ئەمەش لە ڕێگەی «دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵەوە» جێبەجێ دەکرێ.

هەر وەک گوتمان لاکلائۆ و مووف، نەتەوەخوازی وەکوو بناژۆخوازیی ئایینی بە ئەنتاگۆنیزم یان دوژمنی دێموکراسی دەزانن و لە مافی شارۆمەندی بێبەرییان دەکەن. هەر چەند بناژۆخوازیی ئایینی بە تەواوی دژی بەها دێموکراتیکەکانە، بەڵام خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەگەلی ژێردەستی وەکوو کورد کە بە شێوازی مەدەنییانە بەڕێوە دەچێ، دەتوانێ یارمەتیی بەهێز بوونی دێموکراسی بدات، بۆیە دەتوانین لێرەدا دژبەیەکییەک لە بیرۆکەی لاکلائۆ و مووفدا ببینین و پێویستە بە لابردنی ئەم ئەسەڵە، دێموکراسیی ڕادیکاڵ بەهێزتر کەین و لەگەڵ وڵاتانی فرەنەتەوە و سەردەمی ئاسۆیی بوون ڕێکی خەین. مووف دەڵێ سووژە بریتییە لە کۆمەڵێک گرووپی جۆراوجۆر وەکوو ژنان، هاوڕەگەزخوازان، ڕەشپێستەکان، پارێزەرانی ئاشتی و ژینگە، پەنابەران و بە گشتی پەراوێزخراوان کە لە نەریتی لیبراڵیدا لە دەرفەتە سیاسی و ئابوورییەکان بێبەش کراون. عەیبێک کە ئەم بیرۆکەیە هەیەتی ئەمەیە کە بە تەواوی خەسڵەتی ڕۆژاوایی پێوە دیارە و تایبەتە بە کێشەکانی کۆمەڵگای ڕۆژاوا و نەپەرژاوەتە سەر کۆمەڵگاکانی دیکە. بەڵام چەمکی «پەراوێزخراوان» ئەم دەرفەتەمان بۆ دەهێڵێتەوە کە دێموکراسیی ڕادیکاڵ ئەوەندەی دیکە بەهێز کەین و لەگەڵ کۆمەڵگاگەلی فرەنەتەوەی وەک ئێران بیگونجێنین؛ واتا کاتێک بمانهەوێ لەسەر کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران دایبەزێنین، دەبێ پەراوێزخراوانی دیکەی وەکوو نەتەوە نافارسەکانیش کە مافی مرۆییی خۆیانیان لێ زەوت کراوە، لەم بیرۆکەیە زیاد کەین. کەوابوو زیاد کردنی پەراوێزخراوانێکی دیکەی وەک نەتەوەی کورد کە بە شێوەی دێموکراتی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان خەبات دەکەن، نەک دژایەتی لەگەڵ ڕۆحی دێموکراسیی ڕادیکاڵ نییە، بەڵکوو بەهێزیشی دەکات. ئێمە بەم دێموکراسییە ڕادیکاڵەی لە ڕێگەی دانان بە مافی نەتەوایەتیی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە ئەوەندی دیکە بەهێز دەکرێ دەڵێین «دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ».

لاکلائۆ و مووف پێیان وایە ساز کردنی کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و دادپەروەرانە، لە ڕێگای «بەهێزکردنی دێموکراسیی لیبراڵ»ەوە دەستەبەر دەبێت نەک بە فڕێدانی. لە ڕوانگەی لاکلائۆ و مووفەوە، ساز کردنی کۆمەڵێک زنجیرەی هاوتەراز لە داخوازە دێموکراتیکەکانی وەک ژنان، کرێکاران و ژینگەپارێزان، دەرەتانی ئەوە بە پەراوێزخراوان دەدا کە بەرەنگاری سوڵتەی دەسەڵاتداران ببنەوە. لە وڵاتێکی وەک ئێران، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بەشی هەرە سەرەکیی بەشخوراوان و پەراوێزخراوان پێک دێنن و پێویستە لە ڕێگەی «دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵەوە» دەرفەتی بەرخۆدان و وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان پێ بدرێ.

کەوابوو پێویستە لەسەردەمی ئێستادا خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ چەمکی «هێز» هەبێ و لە دەلاقەی گوتارەوە لێی بڕوانین، نەک وەک ڕوانگەی پۆزیتەیڤیستی پێمان وابێ هێز ئەو شتەیە کە دەستەیەک هەیانە و دەستەیەکیش لێی بێبەرین. سیاسەتیش هەر وا بریتییە لە ململانێی نێوان گوتارەکان کە هەر کەس و دەستەیەک دەیهەوێ بە مەیلی خۆی کۆدەنگی لە سەر واتای نیشانەکانی خۆی ساز کات و هەوڵ دەدات سوڵتەی خۆی بسەپێنێت. ئێمە ئەم ململانێیەمان لە سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا لە نێوان گوتاری «کوردایەتی» و گوتاری «ئێرانشاری»دا دیت. ئەگەرچی گوتاری ئێرانشاری هەوڵی دا بە

شێوەی نادێموکراتیک و بە پشتیوانیی میدیا زەبەلاحەکانییەوە هێژمۆنیی خۆی بسەپێنێ، لانیکەم لە کوردستان نەیتوانی، چونکە گوتاری «کوردایەتی» یەکجار زۆر بەهێزتر بوو. هەروەها لە نەورۆزی ئەمساڵ و لە دەی خاکەلێوەدا، لە نێوان حیزب و کۆمەڵە ئەم ململانێیەمان لە سەر هێماکان و هەوڵدان بۆ ساز کردنی کۆدەنگی لەسەر واتاکان دیت و بینیمان کە حیزب توانی کۆدەنگی لە سەر واتای هێماکانی خۆی ساز کات بە بێ ئەوەی پەنا بۆ ئاکاری نادێموکراتیک بەرێ.

کەوابوو، دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ ئەم تایبەتمەندییە باشەی هەیە کە تۆتالیتێر، زۆرینەخواز و ڕەهاخواز نییە و ئەو ڕێگایە دەهێڵێتەوە کە گوتارەکان یان بڵێین هێزە سیاسییەکان، ئەم فەزایەیان لە بەردەست بێ کە بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی نیشانەی ناوەندیی گوتاریی زاڵ تێک بشکێنن و بە پێدانی واتایەکی دیکە کۆدەنگیی لەسەر ساز بکەن. ئەم ململانێیە، دێموکراتیک و سرووشتییە و هەمیشەش دەبێ. بەم چەشنە، بە پێچەوانەی دێموکراسیی لیبراڵیی، لە دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵدا ڕێگە دەدرێ کە هۆوییەت و تەنانەت وردە هۆوییەتەکانیش بواری چالاکی و خۆدەرخستنیان بۆ برەخسێ و لە بەڕێوە بردنی کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت، ڕێکخستنی کۆمەڵگا بۆ هەمیشە نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی کاتییە و هەمیشە بوار بۆ گوتار و ڕوانگە جیاوازەکان دەمێنێتەوە کە سەرلەنوێ ڕێکی بخەنەوە. بە پیی ئەم ئەسڵە، دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و ناوەندگەرای وەک ئێران کە ٩٩ ساڵ پێش و بە پێی حەز و بەرژەوەندیی کۆمەڵێک ئیلیتی ئەوکات دامەزراوە، نابێ ببێ بە دیاردەیەکی هەتاهەتایی و دەکرێ سەر لە نوێ و بە شێوەیەکی تر ڕێک بخرێتەوە و تەنانەت دەکرێ هەڵیشوەشێتەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ هێزدا، میشێل فۆکۆ[۴۲] دەڵێ هێز لە هەموو پەیوەندییەکدا هەیە و قەت ناتوانین بیسڕینەوە. دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ لەسەر ئەم بنەمایە پێی وایە ململانێ و ئەنتاگۆنیزم قەت لەنێو ناچن، کەوابوو دەبێ باوەڕمان بە «پێکەوەژیانی ململانێ و کۆدەنگی»(تضاد و توافق) پێکەوە هەبێ و هەوڵ بدەین کێبڕکێ و دەمەتەقە لە جێی دوژمنایەتی و شەڕ دانێین. خاڵی بەهێزی دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ ئەوەیە کە هیچ گوتار، هێز یان هیچ پێکهاتەیەک ناتوانێ ئیددعا بکا کە هەمووی ڕاستییەکانی لە لایە و جگە لەوەش هەر هێژمۆنی و کۆدەنگییەکیش کاتییە نەک هەمیشەیی. کەوابوو دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ لە ئاستی ئێران و کوردستان بە قازانجە و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا لە تۆتالیتاریسم و یەکدەنگی و یەکڕەنگی دوور بکەوێتەوە و ئەوەش قووڵ کردنەوە و بەهێزتر کردنی دێموکراسیی لیبراڵی و تەنانەت دێموکراسیی ڕادیکاڵیشی لێ دەکەوێتەوە.

بە گشتی بەم هۆکارانەی خوارەوە پێم وایە پێداگری لەسەر دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ لە شکڵەکانی دیکەی دێموکراسی بۆ سەردەمی ئێستای ئێران و کوردستان باشترە

- لەگەڵ سەردەمی بزووتنەوەی ژینا کە سەردەمی ئاسۆیی بوونە، تەبایە.
- لەگەڵ کەلتووری سیاسیی ئێستای خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کەلتوورێکی ئاسۆییە، گونجاوە.
- بە جیی پێداگری لە سەر ئەسڵی زۆرینە - کەمینە لە ئاستی ئێران و کوردستان لەسەر بەرەسمی ناسینی جیاوازییەکان پێداگری دەکات و ڕێگا نادات زۆرینە ویستی خۆی بەسەر کەمینەدا بسەپێنێت.
- دان بەوە دادەنێ کە هێز لە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگادا حزووری هەیە و بەردەوام ململانێی لەسەرە. هەبوونی ئەم هێزە بە زیان نییە و زۆر جار بە قازانجی

گۆڕانکاریی باش لە کۆمەڵگادایە؛ هەڵبەت بە مەرجێک ململانێ لە شکڵی دوژمنایەتی بێتە دەرێ و ببێ بە دژبەرایەتی و کێبڕکێ (مخالفت و رقابت).

- لە نێوخۆی حیزبیشدا دەبێتە هۆکارێک بۆ بیستنی دەنگە جۆراوجۆرەکان و پاڵنەرێک دەبێ بۆ ئەوەی بەدەنەی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک زیاتر بەشداری لە بڕیاراتی حیزبدا بکەن و ئەمەش ئاستی متمانەی کۆمەڵگا بە حیزب و هەروەها بەدەنە بە بەڕێوەبەرایەتی بەرز دەکاتەوە.
- ئەزموونی ناسەرکەوتووی هەوڵدان بۆ ساز کردنی بەرەیەکی گشتگیر و سەراسەری چ لە کوردستان و چ لە ئێران، ڕاستییەکانی ڕوانگەی لاکلائۆ و مووف وەدەردەخەن کە هێزە سیاسییەکان هەمیشە لە ململانێدان و هیچ یەکگرتووییەکی هەمیشەیی لە هیچ کوێ لە گۆڕێدا نییە.
- لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیک تەبایە.

**٦-٤-خەباتی ئاسۆیی و چەندڕەهەندی (سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و چەکداری**

ئەگەر دەمانهەوێ خەباتی ئێستامان وڵامدەر بێت، پێویستە لەگەڵ بارودۆخی هەنووکە و لەگەڵ سەردەمی ئێستا کە پێموایە سەردەمی ئاسۆیی بوونە، بیگونجێنین. بە پێی بارودۆخی ئێستا و بۆ ئەوەی خەباتەکەمان لەگەڵ کەلتووری سیاسیی ئێستای کوردستان کە کەلتووری سیاسیی ئاسۆیییە بگونجێ، پێویستیمان بە «خەباتێکی ئاسۆیی[٤٣]» و چەندڕەهەندی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین خەباتی میللی-دێموکراتیکی خۆمان بەرەو پێش بەرین. خەباتی ئاسۆیی، خەباتێکی چەندڕەهەندییە و هەموو ڕەهەندەکان لەبەر چاو دەگرێ؛ هەر چەند بە پێی هەلومەرج ڕەنگە گرینگیی زیاتر بە لایەنێک بدرێت و لایەنێکی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیرێ یان کەمتر بایەخی پێ بدرێ. بەڵام دەبێ بزانین هەموو ڕەهەندەکان پێویستن. حیزبێکی سیاسی کە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی تێدەکۆشێ، لەم پەیوەندییەدا دەبێ هەم کاری سیاسی و دیپلۆماتیکی لە بەر چاو بێت و هەم لە کاری کەلتووری و کۆمەڵایەتی چاوپۆشی نەکات. ئەوەی لە پاش بزووتنەوەی ژینا دیتمان بە جوانی پێشانی داین کە حیزب لە خەباتی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و تەقریبەن خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستای کوردستان گونجاندووە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی مەودایەک لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی نەدیترێ و تەنانەت زۆر جار حیزب وەکوو بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی بێتە هەژمار. هەماهەنگ بوونی حیزب و زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگا لەسەر هێما و واتاکان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا و نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاریدا بە ڕوونی وەدەر کەوت. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ نیشانی دا کە حیزب بووەتە بەشێک لە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمانە ئەو پەیامە بە حیزب و نەتەوەی کورد دەدەن کە دەبێ بە شێوەیەکی ئاسۆیی و چەندڕەهەندی خەباتی کورد درێژە پێ بدات. خەباتێکی ئاسۆیی، خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیرە و نابێ لە هیچ یەک لە شێوازەکانی خەبات چاوپۆشی بکات. بۆ پەرە پێدان و گەشەسەندنی ئەم جۆرە خەباتە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن:

- دانانی تەلەڤیزیۆنێکی پرۆفێشناڵ و بەهێز لە دەرەوەی وڵات بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هێژموونیی میدیاییی فارسەکان.
- ئەرکدار کردنی زیاتری تەواوی ئەندامانی حیزب بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سیاسەت و بەرنامەکانی حیزب زیاتر بڵاو کەنەوە. بە تایبەت لە تێلگرام و ئینیستاگرامدا کە

زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دەهێنن.

● پشتیوانیکردنی زیاتر لە هەر چەشنە جووڵەیەکی نیشمانپەروەرانەی وەک چالاکیی ئەدەبی، کەلتووری، زانستی و ژینگەپاریزی.

● خەباتی چەکداری: لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداریدا، هێندێک کەس ئەم شکڵە لە خەبات بە بێمێشکی یان دواکەوتوویی دەزانن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەسانێک لە ژێر باندۆری گوتاری ئێرانشاریدا و بە ڕوانگەیەکی تەقلیلگەرایانە، دەیانهەوێ مافی نەتەوەییی کورد دابەزێنن بۆ ئاستی مافی شارۆمەندی. ئەوان کێشەی کوردێکی کرماشانی و کابرایەکی تارانی وەک یەک پێناسە دەکەن. دەستەیەک وەدەستهێنانی هێندێک مافی کەلتووری وەکوو دابینکردنی مافی نەتەوەیی دەخەملێنن. تاقمێک بەدەستەوەگرتنی چەند پۆستی سیاسی و ئیداری بە بەشداریی سیاسی دەشوبهێنن؛ کاردانەوەی ئەم بۆچوون و ڕوانگانە دابەزاندنی مافی نەتەوایەتیی کورد بۆ هێندێک مافی سەرەتاییە. لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕوانگانە ناتوانن یان نایانهەوێ پەردە لە سەر پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی داگیرکارانە و کۆلۆنیالیستیی لە ئێران هەڵدەنەوە کە سەد ساڵە باڵادەستی و بندەستیی لێ کەوتووەتەوە. چارەسەری گشت ئەم ڕوانگانە ژانبرێکی کاتییە. کێشەی بنەڕەتیی کورد لەگەڵ ناوەند، کێشەی نەتەوەییە نەک هێندێک کێشەی ئابووری یان کەلتووری. تا کاتێک کە پێداچوونەوەیەکی ئەساسی لەسەر ئەم پەیوەندییانە نەکرێتەوە کە باڵادەستی و ژێردەستییان ساز کردووە، ناتوانین ئاخێزگەی کێشەی خۆمان کە کێشەیەکی نەتەوەییە بدۆزینەوە. کەوابوو نەتەوەیەک کە پارچەپارچە کراوە، خاکی داگیر کراوە و نەتەوەیەکی دیکە دەسەڵات و ناسنامەی خۆی لەسەر کەلتوور و خاک و ئابووریی ئەو دامەزراندووە، چۆن دەتوانێ بە بێ هێزێکی چەکداری ڕێکوپێک و پۆشتە و بەباوەڕ، ئەویش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مافەکانی وەدەست بێنێ و ئەگەریش وەدەستی هێنا بە بێ بوونی ئەم هێزە چۆن دەیپارێزێ؟

ئەم ڕوانگانە مەترسیدارن، چونکە کێشەی کورد تەنیا کێشەی مافی شارۆمەندی نییە؛ تەنیا کێشەی ئیداری یان ئابووری نییە؛ بەڵکوو کێشەی خاک و مافی دیاریکردنی چارەنووسە. لەگەڵ نەتەوەگەل و دەوڵەتانێک کە هیچ ڕێزێک لە بەها دێموکراتیکەکان ناگرن، ئەگەر کورد هێزی پێشمەرگەی ئامادەی نەبێ، هیچ مافێک دەستەبەر نابێ و ئەگەریش دەستەبەر بێ، هیچ گارانتییەک بۆ پاراستنی نییە. جگە لەوە، نابێ لە بیرمان بچێ کە هێزی پێشمەرگە کۆڵەکەی خەباتی کوردە و ئۆتۆریتەیەکی گەورەی لە کوردستان هەیە و وره بە خەڵکی کورد دەدات. بۆیە قەت نابێ وەپشت گوێ بخرێ و لاواز بکرێ. کۆڵەکەی خەباتی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئەورۆ خەباتی پێشمەرگانە بووە و هەر کات برەوی پەیدا کردووە، ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتیش گەشەیان سەندووە. هەستیاریی دوژمنان خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە دوو قۆناغ لە شۆڕشی نەتەوەکەمان لە دوو بڕگەی جیاوازدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ؛ یەکیان شۆڕشی چەکداریی ۴۷-۱۳۴۶ بوو کە ئەوکات خەباتی کوردی بووژاندەوە و ئەویتریشیان خەباتی ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە چەند ساڵی ڕابردوودا ورەیەکی یەکجار بەهێزی بە شۆڕشی نەتەوەییی کورد دا. کەوابوو نەک پێویستە خەباتی پێشمەرگایەتیمان ڕاگیرێ، بەڵکوو دەبێ بەهێزیش بکرێ و هەر کات دەرفەت خوڵقا، بە زووترین کات ئاوێتەی ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتی بکەین. ڕای گشتیی کۆمەڵگای کوردستان هەمیشە

پشتیوانیی لە هێزی پێشمەرگە کردووە. لە سەردەمی بزووتنەوەی ژیناشدا خەڵکی کورد چاوەڕوانی پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە بوو کەچی بەداخەوە بە بیانووی ئەوەی زەربە لە بزووتنەوەکە دەدات، یان بیانوو دەداتە دەستی ڕێژیم بۆ ئەوەی چاتر سەرکوتی کا، کەڵکی لێ وەرنەگیرا. ئەگەر هێزی پێشمەرگە بە پلان و بەرنامە بەشداریی لە بزووتنەوەی ژینادا بکردایە، سەیر نەبوو بزووتنەوەکە گەشەی زیاتری کردبا و بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتبا.

بە تایبەت دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ بۆ قۆناغی سەرەتاییی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بۆ بەرقەراریی نەزم و ئەمنییەت و پاراستنی خاکی کوردستان، پێویستیمان بە هێزی پێشمەرگە هەیە و ئەگەر لە ئێستاوە هێزی پێشمەرگەی پێویست ئامادە نەکرێ، هیچ زەمانەتێک بۆ وەدەست هێنانی ڕزگاری و ئازادی نییە.کەوابوو لەگەڵ ئەوەی خەباتی ئاسۆیی گرینگی بە هەموو شێوازەکانی خەبات دەدات، بەڵام خەباتی پێشمەرگانە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خەباتی کورد دەزانێ. ئەزموونی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە داهاتووشدا ئەم شوێنانە بە دەستی کوردەوە دەمێننەوە کە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵیان بکات؛ کەوایە نابێ قەت لە قورساییی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان غافڵ بین.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا پێویستە بڵێین بە گشتی لە خەباتی ئاسۆییدا حیزبی سیاسی لەگەڵ ئەوەی بۆ کۆمەڵگا سیاسەت دەکات، دان بەوەدا دەنێ کە سیاسەت لە هەناوی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ؛ کەوابوو تاقمێک ئیلیتی سیاسی یان کۆمەڵێک ئەندازیاری کۆمەڵایەتی ناتوانن بە بێ گوێدان بە کۆمەڵانی خەڵک و بە بێ ئەوان جڵەوی خەبات بە دەستەوە بگرن. خەباتی ئاسۆیی پێویستی بە حیزبێکی سیاسی هەیە کە ئەندامان و بەڕێوەبەرانی بە شێوەکی بەردەوام و بەوپەڕی سەداقەتەوە لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندیدا بن. ئەوان ئەشێ بە پەیوەندیی بەردەوام، لایەنگرانیان بێننە سەر ئەم باوەڕە کە حیزبەکەیان وزە و ویستی ئەوان لە ڕاستای دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی خەباتی میللی-دێموکڕاتیکی کورددا کە بریتین لە: دابین کردنی مافی نەتەوایەتی، ئازادیی تاکەکەسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەرابەری و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکار دەکەن.

خەباتی ئاسۆیی، دەیهەوێ دەنگی بێدەنگان و ڕەنگی بێڕەنگان بێ، هەر بۆیە دژی هەر چەشنە هەڵاواردن و وەلانانێکە. خەباتی ئاسۆیی لە ڕاستای بەهێز کردنی دێموکڕاسیدا لە یەکڕەنگ کردن و یەکدەنگ کردنی کۆمەڵگا بێزارە؛ بۆیە پێی وایە بۆ ساز کردنی یەکێتیی نەتەوەیی، بە جێی یەکدەنگی و هاوچەشنی و لەیەکچوون، پێویستی بە هەستێکی هاوبەشی کوردانە هەیە بۆ ئەوەی خەباتی میللی-دێموکڕاتیکی کورد بەرەو پێش بچێت. خەباتی ئاسۆیی بە وشیارییەوە لە نێوان «بەهاکان» و «ئامرازەکان»دا جیاوازی دادەنێ و لەگەڵ ئەوەی بەهاکانی «مافی نەتەوەیی، ئازادی، بەرابەری و دێموکڕاسی» بە کۆڵەکەی خەبات دادەنێ، بەردەوام ڕێگای نوێ و ئامرازی تازە بۆ دەستەبەر کردنیان تاقی دەکاتەوە.

### ٧-٤-هاوئاهەنگی بە جێی پێشەنگی


پێویست بە ئاماژەیە کە ناوەند هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندگەرای ئێرانەوە هەتا ئێستا، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک سیاسەت و بەرنامەی کۆلۆنیالیستی، تەواوی هەوڵی خۆی داوە کە کوردستان لە پەراوێزدا بهێڵێتەوە، بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێژیم زۆربەی هەرە زۆری کانگا و مەوادی خاو و سروشتیی کوردستانی تاڵان کردووە و زێدەباییەکەی بردووە بۆ ناوچەکانی ناوەند و نیمچەناوەندی وەک تاران، ئیسفەهان و

تەوریز و پشکی خەڵکی کوردستان، هەناردە کردنی هێــزی کاری هــەرزان و تێکچوونی ژینگەکەی بووە.

ناوەند، ئیزنی نەداوە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە گەشــە بــکات و بەرنامە و پلانی گەشــە لە ئێران هەمیشــە وەکوو ئامرازێک بۆ ســڕینەوە و پەراوێزخســتنی نافارسەکان بە تایبەت کورد ئیشــی کــردووە. بەڵام بە خۆشــییەوە، نەیتوانیــوە پێش لە گەشــەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کوردســتان بگرێ و تەنانەت کۆمەڵێک هۆکاری وەک بارودۆخی ســەردەمی کۆماری کوردســتان و خەباتی سیاسیی کورد لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧، بوونەتە هۆی ئەوەی گوتارێکی نــەرم و کۆمەڵایەتی لە گەشــە زاڵ بێــت و کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان پەرە بســتێنن. زاڵبوونــی ئــەم گوتارە بووەتە هــۆی ئەوەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە بە ئەندازەی ناوەند گەشــەی نەکردووە، بەڵام لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە لەوێ پتر گەشە بســتێنێ. ئەم گەشەکردنە، بیرۆکەی ئابووریگەرایانی دێتێرمینیســت کە گەشــەی ئابووری بە پێشــمەرجی گەشەی کۆمەڵایەتــی و سیاســی دادەنێــن، ڕەت دەکاتــەوە. ئابووریگەرایانی دێتێرمینیســت پێیان وایە گرینگترین فاکتەر بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، گەشەی بەهاگەلی دێموکراتیک و ئینســانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدایە کە لە ڕەوتی گەشــەی ئابووریدا ســەر هەڵدەدەن. ئەگەرچی، بەشــی یەکەمی ئــەم گریمانەیە کە دەڵێ گەشــەی بەهاگەلــی دێموکراتیک مەرجی گەشــەی دیموکراســییە، دروستە؛ بەڵام وێناچێ هەمیشە و لە هەموو شوێنێک گەشەی ئابووری پێشمەرجی گەشەی سیاسی و کەلتووری بێــت؛ چونکە بە بێ بناغەیەکی کەلتووری مەحاڵە دێموکراسیەکی ڕاستەقینە و بــەردەوام دامــەزرێ. ئەزموونــی خەباتی سیاســی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، دەیســەلمێنێ ئەگەرچی کوردســتان لەڕووی ئابوورییەوە لە ناوچەکانی ناوەندی وەک ئیسفەهان و تاران و نیمچەپەراوێزی وەک تەوریز کەمتر گەشەی سەندووە، بەڵام لەڕووی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەوان پێشــکەوتووترە. واتا ئەگــەر لەو ناوچانــە، پێوەرەکانی گەشــەی ئابــووری وەک کەمتربوونــی نرخی بێکاری، داهاتی ســەرانە، بەرهەمهێنانــی زیاتر و بە گشــتی بارودۆخی خۆشبژیوی لە کوردستان بەرزترە، بەڵام پێوەرە نەرمەکانی گەشە کە بە گەشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەناسرێن، وەک هەبوونــی ڕێکخــراوە سیاســییەکان، ڕێکخــراوە نادەوڵەتییــەکان (NGO)، بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان، بایکۆتــی وشــیارانە، نافەرمانیی مەدەنی، ژینگەپارێزی، سێکۆلاریسم، بەرابەریی نێوان ژن و پیاو و ... لە کوردســتان زیاتر گەشەیان کردووە. ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی پێکهاتەی دەســەڵات لە کوردســتان بەرەو هاوتەرازی و ئاســۆیی بوون بــڕوات. بزووتنەوەی ژینــا و نەورۆزی مەشــخەڵانی ڕزگاری بە جوانی ئەم گەشــە کۆمەڵایەتییەیان پێشان داین.

بــەم شــەرحە، پێویســتە چاوێــک بە پەیوەندیــی نێــوان حیــزب و کۆمەڵــگای کوردســتاندا بخشــێنینەوە. ئێمــە دەزانین حیــزب بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی میللی-دێموکراتیکــی کــورد خۆی بە پێشــڕەوی ئەم خەباتە دەزانێ. ئــەم ڕوانگەیە لە «کورتە باس»دا ئاماژەی پێ کراوە. ڕەنگە ئەم ڕوانگەیە بــۆ قۆناغی ســەردەمی دامەزرانــی حیزبی دێموکــڕات هەتــا دە پازدە ســاڵ لەمەوبەر دروســت بووبێت، چونکە ئەوکات حیزب لە کۆمەڵگاکەی پێشــکەوتووتر بــوو و دەیتوانی ڕۆڵی پێشــەنگایەتی بگێڕێ؛ بــەڵام لەم دە پازدە ســاڵەی دواییدا بە هۆی پەرە سەندنی ئینتێرنێت و گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەنای بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواری،




**چارتی ژمارە ٢: مۆدێلی خەباتی ئاسۆیی: مانیفێستی حیزبی هاوئاهەنگ**

خەڵکی کوردستان لە ڕووی هزری و کەلتوورییەوە زۆر پێش کەوتوون و لە بواری کۆمەڵایەتییەوە فرە گەشەیان سەندووە. ئەم گەشەسەندنە کۆمەڵگای کوردستانی خستۆووەتە قۆناغێکی تازەوە و بووەتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی بنچینەییی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا دروست بێت. پێکهاتەی دەسەڵات هەر لە خێزانەوە بگرە تا قوتابخانە و شوێنی کار بەرەو پێکهاتەیەکی ئاسۆیی و ناهیرارشیک ڕۆیشتووە. ژنان، گەنجان، مێرمنداڵان و تەنانەت منداڵان هاتوونەتە نێو گۆڕەپان و داوای ماف و دەسەڵات دەکەن. ئەمە قۆناغێکی نوێی بە ناوی سەردەمی «ئاسۆیی بوون» ساز کردووە. لەم سەردەمەدا کە تایبەتە بە سەردەمی ئینتێرنێت، ئیتر حیزبی سیاسی ناتوانێ ئیددعای «پێشڕەو بوون» یان «پێشەنگایەتی» بکات؛ چونکە ئەگەر کۆمەڵگا لە حیزبە سیاسییەکان پێشکەوتووتر نەبێ، پێموا نییە پاشکەوتووتر بێ. لانیکەم دەتوانین بێژین

کۆمەڵگا و حیزب لەگەڵ یەک هەماهەنگن و تەقریبەن لە یەک ئاستدان. نموونەی ئەم هاوئاهەنگییەمان لە بزووتنەوەی ژینادا دیت و بۆمان دەرکەوت کە کۆمەڵگای کوردستان و حدکا فرە هاودەنگ و هاوئاهەنگن. بینیمان کە هەر دووک لا چۆن شێواز و ئیدەی خەباتگێڕانە بە یەکتر دەدەن و لە یەکی وەردەگرن. بە گوێرەی ئەم هاوتەرازی و کۆدەنگییەی لە نێوان حیزب و کۆمەڵگا لە کاتی ئێستادا هەیە، پێویستە لە گوتاری حیزبیشدا ئەم گۆڕانکارییە ڕوو بدات؛ ئەویش ئەمەیە کە حیزب خۆی وەک «حیزبێکی هاوئاهەنگ»، نەک «پێشەنگ» پێناسە بکات. ئەم گوتارە خەڵکیتر و دێموکڕاتیکترە و لەگەڵ سەردەمی پاش بزووتنەوەی ژینا کە سەردەمی «ئاسۆیی بوونە»، تەباییی زیاتری هەیە. بە کورتی دەستەواژەی «حیزبی پێشەنگ/پێشڕەو» تایبەتە بە سەردەمی مۆدێڕنیزاسیۆن و سەردەمی گەشە، بەڵام دەستەواژەی «حیزبی هاوئاهەنگ» تایبەتە بە سەردەمی پاش گەشە و پۆست مۆدێڕنیزم. ئەمساڵ بەرچاوترین نیشانەکانی پەیوەندیی ئاسۆییی نێوان «خەڵک» و «حیزب» لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری و دەی خاکەلێوەدا بینرا. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە حیزب لە قۆناغی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕادەیەکی زۆر وازی لە گوتاری ئەستوونی هێناوە و بە کردەوە بووەتە خاوەن گوتارێکی ئاسۆیی؛ کەوایە ئێستا پێویستە بە فەرمی ڕایبگەیێنێ کە حیزبی دێموکڕات حیزبێکی هاوئاهەنگە نەک پێشەنگ.

لە کۆتاییدا بە گشتی و بە کورتی دەڵێین بیچمگرتنی کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی لە کوردستان بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ بە ناوی «سەردەمی ئاسۆیی». لەم قۆناغە نوێیەدا خەباتێکی ئاسۆیی پێویستە. ئەسڵەکانی ئەم جۆرە خەباتە بریتن لە: ۱ سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک ۲ مافی دیاریکردنی چارەنووس ۳ گەشەی ئاسۆیی (هەمە لایەنە:گەشەی سەوز، کۆمەڵایەتی – ئابووری- سیاسی- کەلتووری) بە جێی گەشەی ئابووریتەوەر ۴ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسۆیی ۵ دێموکڕاسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ ۶ خەباتی ئاسۆیی و چەند ڕەهەندی (سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و چەکداری) ۷ هاوئاهەنگی بە جێی پێشەنگی.

## سەرچاوەکان


استیون سیدمن، کشاکش آرا در جامعهشناسی، ترجمه هادی جلیلی (تهران، نشر نی، ۱۳۹۵).
آمارتیا سن، توسعه به مثابه آزادی، ترجمه سیداحمد موثقی (تهران: دانشکده حقوق و علوم سیاسی دانشگاه تهران، ۱۳۸۱).
چارلز ڕایت میلز، نخبگان قدرت، ترجمه مؤسسه غربشناسی، (تهران، نشر فرهنگ مکتوب، ۱۳۸۹).
شانتال موفه، بازگشت امر سیاسی، ترجمه جواد گنجی (تهران، نشر نی، ۱۳۹۳).
عەبدولڕەحمان قاسملوو، سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک فەسڵی یەکەم لە کتێبی تاڤگەی حەقیەت، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی (سلێمانی، ۱۳۸۲).
مارتین هایدگر، پرسش از تکنولوژی، ترجمه شاپور اعتماد، فلسفه تکنولوژی، (تهران، نشر مرکز، ۱۳۸۶).
مانوئل کاستلز، شبکەهای خشم و امید: جنبش‌های اجتماعی در عصر اینترنت، ترجمه مجتبی قلیپور، (تهران، نشر مرکز ، ۱۴۰۱)
معزالدین باباخانی تیموری؛ زهرا نیکپور، ؛ عصمت زرچینی، » تبارشناسی تحلیل گفتمان انتقادی و شکل گیری دموکراسی ڕادیکال از نظر موفه«، فصلنامه دانشنامه علوم سیاسی ۶ (۱۴۰۱): ۴۸-۸۰.
هیوبرت دریفوس؛ پل ڕابینو. میشل فوکو: فراسوی ساختگرایی و هرمنوتیک، ترجمه حسین بشیریه ( تهران، نشر نی، ۱۳۹۲).
Arturo Escobar, Encountering Development: The Making and Unmaking of the Third World, (Princeton: Princeton University Press, 1995).
https://hdr.undp.org/content/human-development-report-2023-24.(Human Development Report 2023-24).
https://www.socialprogress.org.
https://www.The Economist Intelligence Unit Limited.
Roberto Foa and Jeffery Tanner, “Methodology of the Indices of Social Development” International Jnstitute of Social Studies, Vol. 89 of Discussion paper, Research Institute for Social Development, ISSN, (2012), 1012-6511.



## ژێدەرەکان

1. Horizontal social movement (جنبش اجتماعی افقی)
2. New social movements
3. Manuel Castells
4. Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet Age
5. Post-development and post-modern
6. Vertical political culture
7. Horizontal political culture
8. Radical horizontal political culture
9. Radical horizontal struggle
10. Radical horizontal development
11. Post-development
12. Ivan Illich
13. Arturo Eskobar
14. Gustavo Esteva
15. social capital
16. Karl Polanyi
17. Amartya Sen
18. Development as Freedom
19. International Institue of Social Studies
20. Civic Activism
21. Clubs and Associations
22. Intergroup Cohesion
23. Interpersonal Safety and Trust
24. Gender Equality
25. Inclusion of Minorities
26. Max Weber
27. Ideal Type
28. Democracy index
29. Social Progress index
30. Human development index

٣١. سەبارەت بە ڕاست و دروستیی ئەم دەیتایانە بڕوانە ئەم پێگانەی ژێرەوە:

https://www.socialprogress.org
https://www.The Economist Intelligence Unit Limited
https://hdr.undp.org/content/human-development-report-2023-24.(Human Development Report 2023-24)

32. Clientelism
33. Martin Heidegger
34. Radical Horizontal Democracy
35. Charles Wright Mills
36. Ernesto Laclau
37. Chantal Mouffe
38. Antagonism
39. Agonism
40. Robert A. Dahl
41. Transsexuals
42. Michel Foucault
43. Horizontal struggle